Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 7 Issue 1 Article2

# The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024)

**Sarsam Khalil Shwani**
*Administrative Technical Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan, Iraq.*

**Gazang Yousif Othman**
*Department of Legal Administration, Administrative Technical Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan, Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Sarsam.KH,SH ,Gazang, Y.O. 2026 The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024). Mitanni Journal, 7(1), Article 02.
DOI: 10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp29-47
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024)

**AI usage declaration**
As the authors we confirm that no AI tools were used to create this research.

**Author contribution**
Our team contributed equally to every aspect of this study.

**Ethics information**
We did not need ethics approval for this research.

**Data availability statement**
All the data we used or created is included in this published research.

**Funding information**
No funding was received to conduct this study.

**Conflict of interest**
As authors we confirm that there is no conflict of interest.

**Acknowledgement**
We would like to thank the “The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024).

**Declaration of the Study’s Origin**
The researcher’s work focused on The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024).

Original article.

**ORIGINAL ARTICLE**

# The Role of Soft Power in Turkey-Kurdistan Region Relations (2014-2024)

Sarsam Khalil Shwani[1] Gazang Yousif Othman[2]

[1] Administrative Technical Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan, Iraq.
[2] Department of Legal Administration, Administrative Technical Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan, Iraq.

## Abstract:

This research investigates the role of soft power in the relations between Turkey and the Kurdistan Region between 2014-2024. Soft power as an influential concept in shaping foreign policy and its main tools in the relations between Turkey and the Kurdistan Region as two neighbors, and in light of their diverse relations, are presented. This research discusses the tools of soft power and their importance in international relations. The use of soft power has significant effects on building trust and constructing a better future in advancing relations. Research on this topic has been conducted under various titles, but due to the influence of the time factor and the emergence of new issues in relations, the degree of soft power's influence and the tools used are constantly changing. Therefore, continuous research on soft power in this field is necessary to identify the factors and variables that contribute to the change in the use of soft power tools in the foreign policy of the parties in their relations to achieve their goals and interests. This research provides a detailed assessment of these mechanisms in Turkey-Kurdistan Region relations during the specified period. For this purpose, we discuss several diverse tools that are part of soft power in this relationship.

**Keywords:** Kurdistan Region, Soft Power, Turkey, International Relations.

Received 27 October 2025; accepted 30 March 2026.
Available online 01 June 2026
* Corresponding author.
E-mail addresses: sarsam.shwani@epu.edu.iq
10.25156/ptjhss.v7n1y2026.pp29-47
*2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (2014-2024)

**پووختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٤). کێشەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ئایا لە سایەی ئەو هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنی و جیۆپۆلەتیکییانەی لەم دەیەیەدا ڕوویان داوە، تورکیا چۆن توانیویەتی ئامرازەکانی هێزی نەرم وەک جێگرەوە یان تەواکەری هێزی ڕەق بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و ڕاکێشانی لایەنی بەرامبەر بەکاربهێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، توێژینەوەکەمان پشت بە میتۆدی (وەسفی-شیکاری) دەبەستێت، تاوەکو لە ڕێگەیەوە بتوانین ئامرازەکانی هێزی نەرن لە ئامرازە ئابووری، کلتووری، میدیایی و پەروەردەییەکان بخرێتە ڕوو و شیکاریی زانستی بۆ ئاستی کاریگەریی وەرچەرخانە کاتییەکان لەسەر ئەو ئامرازانە بکرێت. ئامانجە لەم توێژینەوەیە لەوەدا کورت دەبنەوە کە کاریگەرترین سەرچاوەکانی هێزی نەرمی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات، و هەڵسەنگاندن بۆ ڕادەی سەرکەوتنی ئەم ستراتیجە لە دامەزراندنی متمانە و گەیشتن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات، پاشان ئەو گۆڕاو و هۆکارانە دیاری بکات کە دەبنە هۆی گۆڕانی بەردەوام لە ڕادەی کاریگەریی ئەم هێزە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو دراوسێیەدا.

**کلیلە وشەکان:** هەرێمی کوردستان، هێزی نەرم، تورکیا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**پێشەکیی توێژینەوە:**

هێزی نەرم زاراوەیەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیدا گرنگی و گەشەی سەند. ئەم زاراوەیە کە لە لەلایەن زانای سیاسی (جۆزێف نای)ەوە بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا، ئاماژەیە بۆ توانای وڵاتێک لە داڕشتنەوەی ویست و بەرژەوەندییەکانی لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشان و قەناعەتپێکردنەوەی وڵاتانە، نەک لە ڕێگەی ناچارکردن.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گرنگترین سەرچاوەکانی هێزی نەرم و شێوازەکانی بەکارهێنانیان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، کە لەسەر کۆمەڵێک میکانیزم و ئامرازی دیاریکراو دامەزراوە. تێکەڵکردنی ئەم ئامرازانە بە ڕێبازێکی زانستی گرنگ دادەنرێت بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی دەرەوەی سەرکەوتوو. سەرچاوەکانی هێزی نەرم بناغەیەکی تۆکمە و پتەون بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی دەوڵەتان، بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە وڵاتان هەوڵ دەدەن لە بەکارهێنانی هێزی ڕەق دوور بکەونەوە. لێرەوەیە کە سەرکەوتنی هەر قەوارەیەکی سیاسی لە توانای بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرمدا دەبێت. تورکیا و هەرێمی کوردستان وەک دوو دراوسێ، لە ڕێگەی پشتبەستن بەم جۆرە هێزە لە پەیوەندییەکانیاندا دەتوانن کۆمەڵێکی زۆر لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بەدیبهێنن. لەم توێژینەوەیەش هەوڵ دەدرێت گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەو ستراتیجیە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەردوو لا بخاتە ڕوو.

**گرنگی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە چەندین ڕووەوە:

1. لە ڕووی ئەکادیمییەوە، ئەم توێژینەوەیە کەلێنێك پڕدەكاتەوە لە بۆشایی زانستی لەبواری توێژینەوە لە بەکارهێنانی هێزی نەرم لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و تێگەیشتنی باشتر لە ئامرازەکانی هێزە نەرمی لە سیاسەتی دەرەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لە دە ساڵی ڕابردوو.
2. ڕۆشنایی دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و بەکارهێنانی بۆ ئامرازەکانی هێزی نەرم چۆنیەنی سوود وەرگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێیانەوە، ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی فاکتەرەکانی هێزی نەرم لە پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لێکتێگەیشتنی جیۆسیاسی و ئابوری و بازرگانی و تەنانەت، دروستکردنی هاوکاری و سەقامگیری لە پەیوەندییەکان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە لەو خاڵانەی خوارەوە دەردەخەین کە بریتین لە: شیکردنەوەی پێکهاتە ستراتیجییەکانی بەکارهێنانی هێزی نەرم.

هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەم ستراتیجیانەی هێزی نەرم لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کلتورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان.

**گرفتی توێژیتەوە:**

گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە تورکیا لە دەیەی ڕابردوودا (٢٠١٤-٢٠٢٤)، کۆمەڵێک ئامرازی

هەمەچەشن و فراوانی هێزی نەرمی (وەک ئابووری، کلتوور، میدیا و پەروەردە) لەپەیوەندییەکانی دەرەوەی بەکار هێناوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژجیەکانی. بەڵام گرفتی لێڵ و ئاڵۆز لێرەدا ئەوەیە کە ئەم ئامرازانە لە ژینگەیەکی سیاسی و ئەمنیی و ئاڵۆز ڕادەی کاریگەرییان ڕووبەڕووی ئالنگاریی گەورە بوونەتەوە و گۆڕانکارییان دێت. گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زۆری و هەمەچەشنەی سەرچاوەکانی هێزی نەرمی تورکیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان ئامرازەی هێزی نەرمی تایبەت بەخۆی و جیا بەکاردەهێت لەم پەیوەندییەدا،کە هەم لەڕووی جۆری و هەم هەڕووی کاریگەری جیاوازن، ئەو کاریگەرییەش پیویستی بە توێژینەوەی تایبەتە بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت وا پێویست دەکات ئەو بابەتە لە لایەن توێژەرانی کورد لێکۆلینەوەی بۆ بکرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئەوکاریگەرە و دەرئەنجامەکانیان بخرێتە ڕوو.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئامرازە سەرەکییەکانی هێزی نەرم چین ؟  هەروەها ئامرازەکانی هێزی نەرم لە پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان کامانەن و چۆن ڕۆڵی دەبێت لە پەیوەندیەکانیانی نێوانیان و پێشخستنیان؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە بەکارهێنانی ستراتیجی هێزی نەرم لە لایەن تورکیاوە لە ماوەی 2014-2024 دا کاریگەرییەکی بەرچاو و ئەرێنی هەبووە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و گۆڕینی سروشتی ئەم پەیوەندییانە لە هەبوونی کێشە و ناکۆکییەوە بۆ شێوازێکی هاوکاری و لێکتێگەیشتن.

ئەم گریمانەیە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە تورکیا بە گۆڕینی ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە بەکارهێنانی ئامرازە ڕەقەکانی سیاسەتی دەرەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نەرمەکان; لەگەڵ بوونە هەندێك هاتنەپێشی باری سیاسی و ئەمن و ئاسایشی کە هێزی نەرمی تورکیا گۆڕانی بەسەرداهاتبێت لە ڕووی ئامرازەکانی هەنێك جار گۆڕانی بۆ هێزی ڕەق . لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم گۆڕانکارییانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چەندین بوارەوە وەك لە بواری ئابوری و بازرگانیدا زیادبونی بەرچاوی ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، لە بواری کلتوری و میدیاییدا هەروەها لە بواری پەروەردەییدا گەشەکردنی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی قوتابیان و خوێندکارانی باڵا، و لە بواری سیاسیدا جێگیرکردنی میکانیزمی دیالۆگ و هاوکاری. لە دەرئەنجامدا ئەو باوەڕە دەخاتە ڕوو کە ئەم ئامرازە نەرمانە تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام و درێژخایەن کار دەکەن و لە بەراورد لەگەڵ ئامرازە ڕەقەکان و ئاکامی باشتر و بەردەوامتریان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی جێگیر و بەهێزکردنی متمانەی دولایەنەدا.

**ڕیبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستوە بە ڕیبازی چۆنایەتی بۆ ئەم مەبەستەش سوودمان لەناوەڕۆکی کتێب و توێژینەوە وگۆڤاری زانستی و نوسراوە فەرمیەکان و بیرورا بڵاوکراوەکان و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکان وەرگرتوە، هەروەها لەم توێژینەوەدا دا پشتمان بەستوە بە میتۆدی وەسفی شیکاری ، لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێك نیشاندەری ئاماری و داتای ژمارەیی بۆ ڕوونکردنەوەی قەبارەی پەیوەندییە ئابوریەکان وەك ئامرازێکی هێزی نەرم لە پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ماوەی ساڵانی 2014 تا2024.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوە لەسەر بابەتی هێزی نەرم لە سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا کراوە  لە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. توێژینەوە بە ناونیشانی (موقع القوة الناعمة بالسياسة الخارجية التركية اتجاه منطقة الشرق الأوسط بعد عام 2002) لە لایەن (محمد سليمان أبو مصطفى) ئەنجام دراوە کە ئەم توێژینەوەیە باس لە وەرچەرخانی ستراتیجیی تورکیا دەکات لە دوای هاتنی پارتی داد وگەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢، کە تێیدا تورکیا لە دەوڵەتێکی ئەمنی و سەربازی گۆڕا بۆ دەوڵەتێکی خاوەن هێزی نەرم. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر تیۆرییەکانی (ئەحمەد داود ئۆغڵو) و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان. ئامرازە سەرەکییەکانی وەک گەشەی ئابووری، مۆدێلی دیموکراسیی ئیسلامی، و ڕەهەندە مێژوویی وکلتوورییەکان بەکارهێنران بۆ فراوانکردنی هەژموونی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. توێژینەوەکە دەری دەخات کە تورکیا چۆن توانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سەرنجراکێشیی کلتوورییەوە پێگەی خۆی بەهێز بکات پێش ئەوەی ناوچەکە بکەوێتە ناو گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی.ئەم توێژینەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە توێژینەوەی ئێمە لێکچونێکی هەیە بەلام بۆ کاتێکی جیاواز و سەردەمێکی جیاواز و ناوچەیەکی جیاواز ئەنجام دراوە
2. توێژینەوە بە ناونیشانی(Soft Power in Turkish Foreign Policy: New Instruments and Challenges) لە لایەن توێژەران (Selcen Öner) ئەنجام دراوە لە ساڵی 2013،ئەم توێژینەوەیە باس لە چەمکی هێزی نەرم دەکات وەک توانای کاریگەری دانان لە ڕێگەی سەرنجراکێشیی کولتووری و سیاسی نەک زەبری سەربازی و تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی گۆڕانی تورکیا لە وڵاتێکی پشتئەستوور بە سوپا و "هێزی ڕەق" بۆ وڵاتێکی خاوەن (هێزی نەرم) لە یەکەم دەیەی سەدەی بیست و یەکەمدا، هەروەها باس لە پێگەی تورکیا دەکات وەک دەوڵەتێکی عەلمانی و دیموکراسی و موسڵمان کە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و بەهاری عەرەبی بووەتە مۆدێلێک بۆ ناوچەکە، لە کۆتاییشدا شیکردنەوە بۆ ئەو ئامرازە نوێیانە دەکات کە تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەکاریان دەهێنێت و ئەو تەحەددی و بەربەستانە دەخاتە ڕوو کە ڕووبەڕووی هێزی نەرمی ئەو وڵاتە دەبنەوە. بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە بازنەی لێکۆڵینەوەی بریتیە لەو ئامرازانەی هێزی نەرمی تورکیا لە سیاسەتی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان.

3. Soft power and the challenges of private actors: Turkey - Kurdish Regional Government (KRG) ) relations and the rising role of businessmen in Turkish Foreign Policy) ناونیشانی توێژینەوەی کە لە لایەن (Merve Özdemirkıran) ئەنجام دراوە بۆ ساڵانی بەر لە 2015، گەرچی ئەم توێژینەوە زەمینەیەکی باشی بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی بازرگانان وەک هێزی نەرم خۆشکردووە، بەڵام توێژینەوەکەی من هەنگاوێک دەچێتە پێشتر و شیکاری بۆ کاریگەری ئامرازەکانی هێزە نەرم دەکات بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاماژەدان بە هەندێك ئامرازی تایبەت بەهەرێمی کوردستان دەکات دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنیانەی لەو دەیەی کارمان لەسەر کردووە دەردەخات، کە ئەمەش توێژینەوەیەکی تاڕادەیەك نوێ بە کتێبخانەی سیاسی و ئەکادیمی لەم بوارەدا دەبەخشێت.

**باسی یەکەم/ چەمک وپێناسەی هێز و جۆرەکانی**

لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، (هێز) وەک چەمکێکی فراوان و فرەڕەهەند دەردەکەوێت. بەپێی تێڕوانینە کلاسیکییەکان، هێز بە توانای سەربازی و کاریگەری ئابوورییەوە پێوانە دەکرا، کە ئەمەش بە (هێزی ڕەق) ناسراوە. بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕانی سروشتی ململانێکان، جۆرێکی نوێ لە هێز هاتە کایەوە کە بە (هێزی نەرم) ناو دەبرێت، ئەم جۆرە هێزە لەبری پەنابردن بۆ سزادان و زۆرلێکردن، پشت بە توانایی وڵاتان بۆ سەرنجڕاکێشان و ڕازیکردن دەبەستێت. لە ئەنجامدا، لە جیهانی هاوچەرخدا دەوڵەتان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانیان پێویستیان بە تێکەڵکردنی هەردوو جۆری هێز هەیە. تێگەیشتن لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی هەرکام لەم هێزانە، ڕێگە لەبەردەم شیکردنەوەیەکی دروست و قووڵ لەبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان خۆش دەکات.

**داواکاری یەکەم: پێناسەی هێز**:

هەر لە سەرەتای باسەکانی سەبارەت بە هێز وەک چەمکێک لە زانستی سیاسیدا، هیچ پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ نەکراوە، ئەمەش بەهۆی ناڕوونی چەمکەکە، وەک چۆن بە مانای هەمموو شتێکی پەیوەست بە (کردەوە)، (کاریگەری) و (گۆڕانکاری) بوو، قوتابخانەی ڕیالیستی بە یەکێک لە یەکەمەکان دادەنرێت کاتێك وەک چەمکێکی ناوەندی (مرکزي) مامەڵەیان لەگەڵ هێز دەکرد. (مقلد، 1984، ص19)

دیدگای نەریتی(classic) هێز وەك لە ناو زانایانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جەختی لەسەر کراوە بریتی بووە لە دیدگایەکی ڕیالیستی، ڕیالیستەکان مەیلیان هەبووە لە بەکارهێنانی هێز وەك چەمکێکی توند و ئاراستەیەکی دیاری کراو بگرنەبەر سەبارەت بە بیرۆکەی بەکارهێنانی هێزی وڵاتان وەك سەرچاوەی ماددی بۆ کاریگەریکردن لەسەر وڵاتانی دیکە. (Barnett and Raymond, 2005)

کێنت والتز( Kenneth N. Waltz) (1924-2013) ، زانای سیاسی ئەمریکی، بە یەکێک لە گرنگترین بیرمەندانی ڕیالیزمی نوێی بەرگریکاران دادەنرێت کە چەمکی هێزیان شیکردووەتەوە. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان هێزی دەوڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیکەی وەک سەرچاوە سروشتییەکان، ڕووبەر، شوێنی جوگرافی، گەشەسەندنی ئابووری، و سەقامگیری سیاسی. لە هەمان چوارچێوەدا، والتز جەختی لەوە کردووەتەوە کە هێزی دەوڵەت ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە و بەپێی پێگەی لەناو پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا و ڕێژەی ئەم هێزە بە بەراورد بە هێزی هاوتاکانی لە دەوڵەتانی دیکەدا پێوانە دەکرێت.( Waltz, 1979, p97)

لەبارەی چەمکی هێز لە ڕیالیزمی نوێی هێرشبەرانە، جۆن مێرشایمەر( John Mearsheimer) جەختی لەوە کردووەتەوە کە بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخی فەوزای سیستەمی نێودەوڵەتیدا، پێویستە هەر دەوڵەتێک هەوڵ بدات زۆرترین بڕی هێزی تایبەت بە خۆی بەدەست بهێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێت زۆرترین دەسەلات یاخود زاڵبوونی بەسەر وڵاتانی تردا بەدەست بهێنێت. ( Mearsheimer, 2001, p 29)

جۆزێف نای(Joseph Nye) پێناسەی هێز دەکات، بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ کاریگەری لەسەر ئەو دەرەنجامانەی کە دەیەوێت و گۆڕینی ڕەفتاری کەسانی ترە لەکاتی پێویستدا. لێرەوە هێز بەکورتی بریتیە لە خاوەنداریتیەکی تارادەیەك زۆری فاکتەری دانیشتوان، هەرێمی جوگرافی، سەرچاوەی سروشتی، هێزی ئابوری، سەربازی، و سەقامگیری سیاسی. واتا هێز بەمانای گرتنەدەستی کارتی بردنەوەیە لە یاری نێودەوڵەتیدا. ( ناي، 2003، ص31-32)

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چەندین مانا بۆ چەمکی هێز هەیە لە ڕوی جۆر و توانا و کاریگەری و چۆنیەتی بەکارهێنان و پراکتیکەوە چونکە بنەمای هەمموو ململانێیەک هێزە.( ابو شنب، 1995، ص101)، بەڵام بەشی هاوبەشی نێوان هەمموو توێژەران و لێکۆڵەرەوەکان لە چەمکی هێزی هەمەلایەنەدا، پلاندانانە بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتی بەرامبەر و سەپاندنی هەژمون بەسەر تواناکانی و بڕیاردانیدایە. لەم چوارچێوەیەدا، بیرمەندی ئەمریکی (جۆرج مۆدێلسکی )* بەم شێوەیە پێناسەی هێز دەکات: توانای دەوڵەتێک بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستیدایە بۆ ئەوەی ڕەفتارێک بەدەستبهێنێت کە مەبەستیەتی دەوڵەتەکانی دیکە پەیڕەوی بکەن. لێرەدا بوونی هێزی سەربازی و ئابووری بەس نیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیستەمێکی نێودەوڵەتی لە کاتێکدا هێز کۆکردنەوەیە لەو وزە و سەرچاوانە و لە ڕێگەی ئیرادە و

---

* جۆرج مۆدێلسکی پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی واشنتۆن. مۆدێلسکی لە ساڵی ١٩٦٧ تا ١٩٩٥ لەوێ پرۆفیسۆر بوو. پێش کارکردنی لە زانکۆی واشنتۆن، مۆدێلسکی هاوکارێکی باڵای توێژینەوە بوو لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان لە زانکۆی نیشتمانیی ئوسترالیا.

بڕیارەوە، لەوانەش ئامرازە دیپلۆماسی و سەربازی و ئامرازەکانی تر.(modelskis, 1987, p15)
لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هێز خزمەت دەکات، نەک تەنها وەک یەکەیەکی کۆتایی، بەڵکو لەڕاستیدا وەک یەکەم یەکە و بە شێوەیەکی بەردەوام ئەو ڕۆڵەی هەبووە. (Gilpin, 1981, p13)
کەواتە چەمکی هێز ناوەڕۆکی بیری باوی تێپەڕاندوە، کە پشتی بە چەمکی سەربازی تەقلیدی دەبەست و گۆڕاوە بۆ ئەو مانایە نوێیە شارستانییەی کە بە تێڕوانینێکی گشتگیرەوە دەڕوانێتە هێز بۆ ئەوەی هێزی سیاسی و ئابووری و کلتوری و ڕۆشنبیری و تەکنیکییش بگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە دەتوانرێت هێز لە ڕێگەی کاریگەرییەوە واتا لە بەکارهێنانی ئامرازی دیپلۆماسی لەلایەک و لە لایەکی ترەوە لە بەکارهێنانی ئامرازی زۆرەملێ بەکاربهێنرێت. پەنابردن بۆ هێز لە ڕاستیدا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، خاڵی بێ ئومێدبوونە لە گەیشتن بە چارەسەر لە ڕێگەی ئاشتیانە، ناساندنی هێز پەیوەستە بەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاشتیانەی دەوڵەت واتا ئەو سەرچاوانەی کە لە ئێستادا لەبەردەستدایە کە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت بەکار دەهێنرێن. ( العقيبي، 2018، ص 25)
هێز پێکهاتەی زۆری هەیە، ئەمەش وا دەکات قورس بێت پلەبەندی و گرنگی هەر پێکهاتەیەک بە جیا لە پێکهاتەکانی تر پۆلێن بکرێت، وەک چۆن هێزی دەوڵەت پشت بە توخمێکی دیاریکراوەوە یان بە توخمێکی جێگیر و تایبەت نابەسترێتەوە، بەڵکو بەندە بە کارلێککردنی هەمیشەیی نێوان ئەو توخمانە کە مەرج نییە کوالیتی بەردەوامی و سەقامگیرییان (جێگیر)ی هەبێت. (الكعود، 2016، ص20)

**داواکاری دووەم: پۆلێن و جۆرەکانی هێز**

هێز چەمکێکی دینامیکی و نا جێگیری هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە توخمە ماددییە گۆڕاوەکان و توخمەکانی نامادی لەخۆدەگرێت کە بەیەکەوە بەستراون، ئامرازەکانی هێز زۆرن و جۆراوجۆرن، بە مەبەستی دیاریکردنی چەندایەتی و کوالیتی هێزی وڵاتێک بە شێوەیەکی دروست، دەبێت هێز و جۆرەکانی دیاری بکرێت، هەروەها ئەو هێزەی کە وڵاتێك هەیەتی لە چوارچێوەی ئەو پۆلە دروستەی کە دەگەڕێتەوە بۆی دیاری بکرێت و بەسوود وەرگرتن لەو ئامرازانە و بەپێی کاریگەرییەی و مەبەستی دەوڵەت لە بەکارهێنانی لە پەیوەندی و هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر، دەتوانرێت هێز پۆلێن بکرێت بۆ :

**یەکەم هێزی ڕەق:**

هێزی ڕەق بریتییە لە توانای دەوڵەتێک لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی سەربازی، هەڕەشەی چەکداری، بەکارهێنانی هەڕەشە یا شەڕی ئابووری بە هەردو شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ،بۆ کاریگەری کردنە سەر دەوڵەتێکی دیاریکراو، یان گروپەکانی تری ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گەمارۆی ئابووری و بازرگانی، یان کاریگەریکردنە سەر چالاکییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی دارایی دەوڵەت بۆ دروستکردنی کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی بەرامبەر و گۆڕینیان بەرەو گونجان لەگەڵ ستراتیجییە دەرەکییەکانی ئەو وڵاتە. ( BILGIN 2008, p6-10 )هێزی ڕەق لە توخمەکانی هێزی ماددی پێکدێت: سەربازی و ئابوورییە کە باسکردن لەسەر ئەمانە بەیەکەوە گرێدراوە بەو جۆرەی هێز، بەتایبەتی هێزی سەربازی، بەپێی هزری قوتابخانەی ڕیالیستی، هێزی ڕەق لە دیدگای تیۆری ڕیالیزمیدا وەك یەكێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گرنگییەکی زۆر بە چەمکی هێز دەدات و هێزی ڕەق (یان هێزی سەربازی) وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی سەیر دەکات. لە دیدگای بیرمەندە سەرەکییەکانی ڕیالیزمی وەك هانس مۆرگنساو Hans J. (Morgenthau) کە بە باوکی ڕیالیزمی کلاسیکی مۆدێرن دادەنرێت، لە کتێبی "سیاسەت لەنێوان نەتەوەکان" Politics Among (Nations, 1948) دا هێزی ڕەق بە بەردی بناغەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنێت. پێی وایە کە هێزی ڕەق بریتییە لە توانای سەربازی کە دەوڵەتان پێی بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزن بۆیە دەوڵەتان هەمیشە لە هەوڵی زیادکردنی هێزی سەربازیدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان. (Morgenthau, 1948, p25-29)
لە دیدگای کینت واڵتز (Kenneth Waltz) کە دامەزرێنەری ڕیالیزمی نوێ (نیۆریالیزم)، لە کتێبی "تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی Theory of International Politics, 1979) ) دا، پێیوایە کە هێزی ڕەق ئامرازێکی پێویستە بۆ دڵنیابوون لە مانەوە لە سیستەمێکی ناسەقامگیردا و دەوڵەتان پێویستە هاوسەنگی هێز لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ڕابگرن لە سیستەمێکی لەم شێوە، ئاسایش باڵاترین ئامانجە.( Waltz, 1979, p88-93)
بۆچونی جۆن میرشایمەر(John Mearsheimer) وەک بیرمەندی ڕیالیزمی هێرشبەر، لە کتێبی "تراژیدیای سیاسەتی هێزی مەزن" ( The Tragedy of Great Power Politics, 2001) پێیوایە دەوڵەتان هەوڵ دەدەن ببنە هەژمونی هەرێمی لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە کە هێزی ڕەقە و تەنها ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ئاسایشی بەردەوام پێی وایە کە دەوڵەتان هیچ کات ناتوانن دڵنیا بن لە نیازەکانی یەکتر، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی هێرشبەرانە هەڵسوکەوت بکەن و لای ئەو هێزی سەربازی و ئابووری (پێکەوە) دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی مەزن. (Mearsheimer, 2001, p29-54 )
(فرێدریک شومان)، کە یەکێکە لە لایەنگرانی ڕێبازی ڕیالیزمی (Realism) لە شیکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دەڵێت: سیستەمی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتی سەربەخۆی بەهێز و خاوەن سەروەری پێکدێت کە خاوەنی کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی هێزن، و دان بە بوونی هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر لە خۆیاندا نانێن لە نێوان یەکە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەم دەوڵەتانە کار دەکەن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی جەنگ وهەرچەندە ببنە هۆی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتانی دیکە؛ لێرەدا ئامانجی پاراستنی خود (Self-preservation) وەک ئامانجێکی کۆتایی و باڵا دێت کە هیچ تێبینی و سازشێک قبوڵ ناکات (Dougherty, 1971, P69)، ئەمە ڕونگەی ڕێبەرانی قوتابخانەی ڕیالیزمین کە هێز بە واتای هەبوونی هێزی ڕەق دێت بۆ مانەوەی دەوڵەت یاخود گەشەسەندنی.
جۆزێف نای Joseph Nye هێزی ڕەق پەیوەست دەکات بە هێزی سەربازی و هێزی ئابووری، کە دەتوانرێت ئەو هێزە بەکاربهێنرێت بۆ

ڕازیکردنی کەسانی دیکە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی خۆیان، ئەم جۆرە هێزە دەتوانرێت لەسەر بنەمای ڕازیکردن و هەڕەشەش بێت. ( بکاکرة، 2018، ص167)

هێزی ڕەق بە هەردو دەستەواژەی (دار و گێزەر) ئاماژەی پێ دەکرێت: دارەکە واتە ترساندن یان هاندان و قسەکانی کاریگەری لەسەر ئەویتریان هەیە لە ڕێگەی دەستی کاریگەری دەرەکی. بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو بەرامبەر بە پرسێکی دیاریکراو. هێزی ڕەق هێزی کاریگەرییە لە دەرەوە لە دو حاڵەتدا. یەکەمیان. بەکارهێنانی هێزی سەربازی(دار) و دوەمیان بەکارهێنانی هێزی ئابووری (گێزەر). ( خضر، 2014، ص44) بریتییە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابووری( گێزەر) و گرنگترین ئامرازەکانی بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ناچار بکا شتەکان لە پێناو بەرژەوەندی ئەودا ئەنجام بدەن. وە ئەمەش بە واتای بەکارهێنانی هێز بە هەردو شێوە: سزا، پاداشت.

کاتێک دەوڵەت بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات، تەنها ڕاستەوخۆ چەک بەکاردەهێنێت، لە بەکارهێنانی چەکدا بە چەندین شێوە پێشدەکەوێت، لە بەکارهێنانی چەکی سووکەوە دەست پێدەکات تا قورسەکان. بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی بۆ ناچارکردنی و گۆڕینی ڕەفتاری دەوڵەتان و ڕێگاکانیان یاخود گۆڕینی ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانە لە بنەڕەتدا. بەکارهێنانی سەرکەوتوانەی هێزی ڕەق کۆنترۆڵی دوژمن زامن دەکات کە پێیوایە بە شێوازی تر دەرئەنجامی پێویستی نابێت. (غومبرت، 2016، ص4)

**دووەم: هێزی نەرم**

وەك لەسەرەوە باسمان کرد کە هێزی ڕەق (هێزی سەربازی و ئابووری) دەگرێتەوە، زۆرجار ڕۆڵی گرنگی هەیە لە کاریگەری کردنە سەر لایەنەکانی دیکە بۆ ئەوەی هەڵوێستەکانیان بگۆڕن.

یەکەم دەرکەوتنی ڕەگ و ڕیشە تیۆرییەکانی هێزی نەرم لە سەدەی بیستەمدا، لە ڕێگەی فەیلەسوف و بیرمەندی ئیتاڵی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) بوو، لە تیۆرییەکەیدا دەربارەی هەژموونی کولتووری لە کتێبە گرنگەکەیدا "نامەکانی زیندان". گرامشی ڕوونی کردەوە کە باڵادەستی سەرمایەداری لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەک قوتابخانە، کەنیسە، و ڕۆژنامەکانەوە دەبێت، کە وێنەیەکی باش لەلای خەڵک دەربارەی چینی باڵادەستی سەرمایەداری دروست دەکەن بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی بیر و مێشکی ئەم کەسانە و دڵنیابوون لەوەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لانادەن. فەڕەنسا یەکەم وڵات بوو کە ئەم چەمکەی بەکارهێنا لە ڕێگەی کاریگەری کولتووری لەسەر گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی پەروەردەوە، کە ئامانجی لێی دروستکردنی وێنەیەکی باش بوو دەربارەی کۆمەڵگەی فەڕەنسی لەو وڵاتە داگیرکراوانە و بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی لەو شوێنانەدا. ( بن غازي، 2025) ئەم تێڕوانینەی گرامشی زەمینەسازییەکی فیکری گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لە هێزیڕاکێشانی سەرنج و قەناعەتپێکردن کە دواتر لە تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پەرەی پێ درا.

پرۆفیسۆری بەناوبانگی زانستە سیاسییەکانی ئەمریکا جۆزێف نای لە پێشەکی کتێبەکەی بە ناونیشانی Soft Power: The Means to Success in World Politics)، کە ساڵی ٢٠٠٤چاپکرا، پێناسەیەکی زۆر ورد و پوختی بۆ هێزی نەرم کردووە کە لە زۆربەی توێژینەوە زانستییەکاندا وەک پێناسەی سەرەکی و ستاندارد بەکاردێت (هێزی نەرم بریتییە لە توانای بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامانەی کە دەتەوێت لە ڕێگەی (سەرنجڕاکێشان) نەک لە ڕێگەی (ناچارکردن یان پارەدان)

جۆزێف نای،یەکەمجار باسی لە چەمکی هێزی نەرم کرد لە ساڵی ١٩٩٠ لە وتارێکی لە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە بڵاویکردەوە کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە بە ناونیشانی (هێزی نەرم) کە بیرۆکەی سەرەکی چەمکی هێزی نەرم لای نای جەخت لەسەر بوونی لایەنێکی تری هێز دەکاتەوە کە بناغەکەی لە کلتور و بەهای دەوڵەت سەرچاوەی گرتووە، هەروەها ئەو متمانەیە دەرهاویشتەی پیادەکردنی ڕێك و دروستی ئەو هێزەی دەوڵەتە بۆیە پێویستە ئەو لایەنە فەرامۆش نەکرێت لە ئەنجامی جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندە ماددی و سەربازی و ئابوورییەکان، کە بایەخی سەرەکی یان پێدراوە لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەدا. (معوض، 2019، ص11-12)

هێزی نەرم، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، بریتییە لە: ( توانای کۆنترۆڵکردنی خەڵک یان شتەکان.) یان( توانست یان توانای ئاڕاستەکردن یان کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتاری ئەوانی تر یان ڕەوتی ڕووداوەکان) (Oxford Advanced Learner's Dictionary, 2020, s.v. 'Power') ، ڕێبازی ڕازیکردن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کاریگەریی ئابووری یان کلتوری، ئەو سەرچاوە نیشتمانیانەی کە ڕێگە بە دەوڵەت دەدەن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەوادی دیکە لە ڕێگەی بەشداریکردن لە دانانی کارنامە و ڕازیکردن و خاوەندارێتی هێزی ڕاکێشان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان. (ماضي، 2024، ص89)

کاتێك جۆزێف نای پێناسەی هێزی نەرمی کرد دەڵێت، توانای ڕاکێشانە نەک لە ڕێگەی زۆرەملێ و هەڕەشەی سەربازی، یان فشاری ئابووری، نە لە ڕێگەی پێدان و پێشکەشکردنی پارە بۆ کڕینی پشتیوانی و دڵسۆزی، بەڵکو لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر تا ئەو ڕادەی کە بگەیتە ئەو ئامانجەی کە مەبەستیەتی. ( ناي، 2007، ص26)

هەروەها فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ Michel Foucault ( 1926-1984) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەم جۆرەی هێز کردوە، بەوە دەیناسێنێت کە زۆرەملێ و ناچارکردنی ناڕاستەوخۆیە، مشتومڕێکی عەقڵانی و ئەخلاقییە کە ئامانج لێی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی لە ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت دروست بکات، بەپێی ئەم ناساندنە (Foucault, 1995, p195 ) ، هێزی نەرم ئاراستەی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە دەکرێت نەک تەنها لە دەرەوە، و ئامانجی سەرەکی کاریگەرییە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن کە پابەندبوونێکی ناڕاستەوخۆییە بە ئامرازی کلتوری، ئابووری و پروپاگەندە کە کاریگەریکردنە و ڕازیکردنە. لە پێناسەی هەر یەك لە نای و فۆکۆ بۆ هێزی نەرم، ڕون دەبێتەوە کە هەردوکیان هاوڕان لەسەر ئەوەی هێزی نەرم کاریگەری خستنە سەر بیروڕا و سەرنجی وڵاتانی دیکە، بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆی نەرم دور لە توندوتیژی، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و زاڵ بوون بەسەر ڕەفتارەکان. فۆکۆ زیاتر سەرنجی لە بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ناوخۆی دەوڵەت لەگەڵ تاکەکان باس دەکات بەڵام نای لە پەیوەندییەکانی دەرەوە باس دەکات.

هێزی نەرمی وڵاتێک لەسەر سێ سەرچاوە دامەزراوە ( کلتور، بەهای سیاسی وسیاسەتی دەرەوە) کاتێک کلتور بۆ بەرامبەرەکە سەرنجڕاکێشە و بەها گشتگیرەکانی تێدایە و هاوبەشن، ئەگەری بەدەستهێنانی زیاد دەکات و بەهایەکی سیاسی بە دڵسۆزی جێبەجێ دەکرێت، بۆیە لە ناوەوە و دەرەکیشدا پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتی بەرامبەر کە ئارەزوی هەیە ( لایەنی سەرەکی کە وڵاتی نێرەری کلتور و بەها سیاسییەکانە ) کارلێک دەکات و کاریگەری لەسەر دەبێت لەسەر ئەو پرسەی کە دەیەوێت بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی نەرێنی لە دەرئەنجامەکەی هەبێت.( حمدان، 2013، ص 32)

هەندێک جار دەتوانرێت ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنیت کە ویستراوە بەبێ هیچ هەڕەشە و بەرتیلێکی بەرجەستە ئەمەش پێی دەوترێت شێوازێکی تری هێز، ڕەنگە وڵاتێک بتوانێت ئەو ئەنجامەی کە دەیەوێت لە سیاسەتی جیهانیدا بەدەستبهێنێت؛ چونکە وڵاتانی دیکە سەرسامبوون بە نمونەییەکەی، لاساییکردنەوەی نمونەکەی و ئاواتەخوازی ئاستی خۆشگوزەرانی و کراوەیی ئەو وڵاتەن کە دەیانەوێت شوێنی بکەون. بەم مانایەش گرنگە لە سیاسەتی جیهانیدا ئەجێندا دابنێین و ئەوانی دیکەش ڕابکێشن، نەك تەنها بۆ ناچارکردنیان بە گۆڕانکاری بە هەڕەشەکردن بە هێزی سەربازی یان سزای ئابووری. ئەوا هێزی نەرمە وا لە لایەنەکان دەکات ئەو شتەیان بووێت کە تۆ دەتەوێت ئەو هەڵدەبژێرێت لەجیاتی ئەوەی بە زۆر پێیان بکەیت. ( نای، 2003، ص24)

هێزی نەرم کە ڕێگە بە ڕاکێشانی ویست و سەرنجی وڵاتانی دیکە دەدات، وادەکات داواکانیان لا پەسەند بێت یان لاسایی بکەنەوە، واتا هێزێکە لەبری ئەوەی لایەنەکان ناچار بکات هەڵیبژێرن و لەسەر ئەجێندای دامەزراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەو لە قاڵب بدرێت، ئەو هێزە نەرمەش لە بەها و کلتوری وڵاتەوە سەرهەڵدەدات، تا ڕادەیەکی زۆر هەردو هێزەکە (ڕەق و نەرم) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. (خيرالله، 2019، ص161)

زۆرجار هێزی نەرم ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ئەو ئالینگارانەی کە ڕووبەڕوی لایەنی دیپلۆماسی دەوڵەتان دەبنەوە، بەو پێیەی هەوڵەکان بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانی سیاسی و ڕێککەوتنی ئابووری دەدرێن کە لە ڕێگەیانەوە ئامرازەکانی هێزی نەرم چالاکترن بۆ هەژمون و ستراتیجی بە زیادکردنی ناوبانگ و پێگەی دەوڵەتەکان . وڵاتانی هەرێمی و جیهانی. (پەیسەر پرێس، 2018)

بۆیە دەستەواژەی هێزی نەرم لە ناو زاراوە ناسراوەکانی بووارە سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بناسرێت، کە وایکرد زۆرێک لە وڵاتان ئاشنا بن بەهێزی نەرم و چۆنێتی بەکارهێنانی بە باشترین شێوە بۆ کاریگەریکردن لەسەر کەسانی تر. لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و دەستەبەرکردنی شێوازێکی کاریگەرانە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا.

ئایا ئامرازەکان و مەرجی سەرخستنی هێزی نەرم و کاریگەریەکانی کامانەن؟ بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت بە چەند خاڵێك باسیان لێوە بکرێت کە ئەمانەن:

1. **ئامرازەکانی هێزی نەرم:**

هێزی نەرم چەندین ئامرازی هەیە، وەك ئەوەی جۆزێف نای پێشنیاری کردوە:

**ئامرازە سیاسییەکان:**

ئامرازە سیاسییەکان یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی هێزی نەرم بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت. ئەو ئامرازە سیاسیانەی کە دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانیان بەکاریان دەهێنێ. گرنگترین ئامرازە سیاسییەکان کە هێزی نەرم پشتی پێ دەبەستێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لە خوارەوە نیشان دراون. (الكعود، 2016، ص76)

ئامرازی دیموکراسی: بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، کە دەوڵەت پەسەندی دەکات بۆ بڵاوکردنەوە و بەدیهێنانی گۆڕانکاری دیموکراسی لەو وڵاتانەی کە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەدوایدا دەگەڕێت، یەکێکە لە گرنگترین ئامرازە سیاسییەکانی هێزی نەرم.

دەستپێشخەریە چاکسازییە سیاسییەکان: ئەم دەستپێشخەرییانە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە وەک ئامرازێک بۆ هاوکاریکردنی وڵاتانی دیکە بەرەو پێشکەوتنی سیاسی و حوکمڕانییەکی کاریگەر و باش بەکاردەهێنرێن.

دیپلۆماسی: ڕۆڵی ئەوان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوانیان و دەوڵەتانی بەرامبەر، کە جۆری جیاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمهێناوە، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی خاوەندارێتی دەوڵەت لە توانای پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا لەسەر بنەمای دیبلۆماسی، دەبینین کە هەوڵدەدەن بنەماکانی خۆیان لە دیموکراسیکردنی داینامیکی لە کردەوەی سیاسی ڕەنگ بداتەوە. (موسى، 2024، ص 413)

**کلتور:**

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چەندین پرسی جیاواز پێکدێت کە بەپێی پلەبەندییەکی ڕوون یان جێگیر ڕیز نەکراون. ئەم نەبوونی پلەبەندییە لە نێوان پرسەکاندا بەو مانایەیە کە هێزی ڕەق لە هێزی سەربازی بە بەردەوامی باڵادەست نییە بەسەر ئەو بوارە، بەڵکو پرسە ئابووری و کلتوورییەکان هەندێک جار دەبنە کاری لەپێشینەی دەوڵەتان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر ( Keohane, , 1977, p. 25 & Nye)

کلتور بە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی هێزی نەرمی هەر وڵاتێك دادەنرێت بۆ بەرفراوانکردنی کاریگەری و پەیوەندییەکانیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە ڕێگەی زمان، هونەر، میدیا، مۆسیقا، سینەما، خواردن، نەریت و ژیانی ڕۆژانەوە، وڵاتان دەتوانن دڵی خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ خۆیان ڕابکێشن و تێگەیشتنی قوڵتر لە نێوان گەلاندا پەرەپێ بدەن. کلتور وەک پردێکە بۆ دامەزراندنی بناغەیەک بۆ هاوکاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتێك. ( العزاوي، 2025، ص 97) ئەم کاریگەرییە کلتورییەش زۆرجار لە هێزی سەربازی یان فشاری ئابووری کاریگەرترە.

کلتور بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی هێزی نەرم بۆ هەر وڵاتێک، بریتییە لە کۆمەڵە بەها پراکتیک کراوەکان لە وڵاتێکدا، لەوانە ئەدەب و هونەر و پەروەردە و وەرزش، کاتێک کلتوری وڵاتێک بەستراوەتەوە بە بەها گشتگیرەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، ئەمە ئەگەری گەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان زیاد دەکات. لە ڕێگەی هێزی کێشکردن و باوەڕ پێهێنانی. ( باکیر، 2021، ص 76) هەروەها کەسایەتی کاریزمی سیاسیش ڕۆڵێکی گرنگە هەیە لە متمانە دروست کردن لە نێوان دو وڵات لە ڕێگەی پەیوەندی کەسی و دیپلۆماسی گشتی، هەروەها لە نوێنەرایەتی کردنی کلتوری وڵاتەکەی، ئەم کەسایەتیانە دەبنە باشترین نوێنەری کلتور و بەها نەتەوەییەکانی وڵاتەکەیان. جگە لەوەی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی دەبێت و دەتوانن کاریگەری ئەرێنی دروست بکەن لەسەر بیروڕای گشتی وڵاتی بەرامبەر.
ئامرازە کلتورییەکان بەشێکی گرنگن لە دیبلۆماسیی گشتی و کاریگەرییان هەیە لە زیادکردنی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کلتوری لەگەڵ وڵاتان بە تایبەتی ئەو ڕەفتار و کردەوانەی کە مانا بە کۆمەڵگە دەبەخشن. کلتوور چەندین ڕەهەندی هەیە؛ مرۆڤ دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان (کلتووری باڵا) وەک ئەدەب، هونەر و پەروەردە کە سەرنجی دەستەبژێر (نوخبة) ڕادەکێشن، و (کلتووری جەماوەری) کە جەخت لەسەر قەناعەتپێکردن و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک دەکاتەوە. هەر بۆیە، کاتێک کلتووری وڵاتێک بەهای جیهانی هەیە و سیاسەتەکانیشی کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەها و بەرژەوەندییانە دەکەن کە ڕەنگە هاوبەشیەکی لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگای وڵاتانی تر هەبێت، ئەوا ئەگەری گەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان زیاد دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە کە دروستیان دەکات. لە بەرامبەردا، کلتوورە سنووردارەکان و بەها تەسکەکان ، ئەگەری بەرهەمهێنانی هێزی نەرمیان کەمترە.(العزاوي، 2022، ص98) و دەستپێکردنی بەرنامەی فێرکردنی زمان لە وڵاتانی تر، لەسەر بنەمای ئەوەی کە زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی کلتور. هەروەها زیادکردنی ڕێژەی ئەو سکۆڵەرشیپانەی کە پێشکەش بە قوتابیانی بیانی دەکرێت بۆ خوێندن لە وڵاتی پەیوەندیدار، ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی، و دامەزراندنی پەیمانگەی ڕۆشنبیری لە دەرەوەی وڵات لەخۆدەگرێت. ئەمە جگە لە بە هێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕادیۆ و تە لە فزیۆنییە کان، و دابینکردنی هەواڵ و ماڵپەڕی ڕۆشنبیری حکومی و ناحکومی بە چەند زمانێک بۆ دڵنیابوون لە کارلێککردنی زیاتر لەگەڵ وڵاتی پەیوەندیدار. هەروەها ئەم ئامرازە ڕۆشنبیریانە بەرهەمهێنانی میدیای پیشەیی وەک فیلم، زنجیرە، کتێب و ڕۆمانیش دەگرێتەوە. دەتوانرێت زۆر ئامرازی تر لە چوارچێوەی کلتوریدا تێکەڵ بکرێت بۆ دەربڕینی، وەک پیشەسازی، هەندێکجار، یان هەندێک لە داب و نەریتی تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو، یان ڕەنگە خواردن و خواردنەوە، کە کۆی شێوازی ژیانی ئەو وڵاتە کورت دەکەنەوە. ( باکیر، 2021، ص74)

**بەهاکان:**

بەهاکان ڕۆڵێک دەگێڕن کە هێزی نەرمی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە، پابەندبوونی ئەو بەهایانە لە ناوخۆ دامەزراوە نیشتمانییەکان و دەرەوە دیاری دەکات دیارترین ئەو بەهایانەش پاراستی مافەکانە لە ناوخۆی وڵات وەك مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پابەندبوون بەیاسا نێودەوڵەتییەکان. (قديح، 2018، ص41)

**پەیوەندییە ئابوورییەکان:**

ئابووری ئامرازێکە بە گوێرەی بەکارهێنانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت بە ئامرازێکی هێزی ڕەق یان وەك ئامرازێکی هێزی نەرم ئاماژەی بۆ بکرێت وەك ئەوەی کە ئەگەر وەك (گێزەر) هێنرا کە هێزی نەرم دەگرێتەوە یا وەك (دار) بەکاردێت کە وەك ئامرازێکی هێزی ڕەق مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
هێزی ئابووری وڵاتێک یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی کە بتوانێت توانا و سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆی بقۆزێتەوە بۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکان وڵاتانی دیکە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات، (هاندان یاخود ترساندن) دوو جۆر لەو ئامرازانە، جۆری یەکەم بریتییە لە "هاندان": کە دەوڵەت پەنا بۆ دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی یان دارایی، یان پێدانی قەرزی دارایی بە وڵاتێکی دیکە دەبات بۆ پاڵنەرەکەی، بە ئامانجی کاریگەریکردن و ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەو وڵاتە بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات، وڵاتە دەوڵەمەندەکان یارمەتی دارایی دەدەن، لە کاتێکدا وڵاتان هاوکاری تەکنیکی پێشکەش دەکەن.  سەبارەت بە جۆری دووەم کە تۆقاندن یا ترساندن: لەم جۆرە، دەوڵەت پەنا بۆ فشارەکان دەبات لە سەر وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی گەمارۆی ئابوورییەوە، کە لەوانەیە تەواو یان بەشێکی بێت، هەروەها ڕێگریکردن لە یارمەتییەکان یان هەڕەشەی وەستاندنی، سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتانەی کە سیاسەتەکانیان لەگەڵ وڵاتانی بەخشەردا هاوتەریب نین تا وەڵامی داواکارییە سیاسی یان سیاسییەکان نەدەنەوە. (العزاوي، 2025، ص96)
پێداویستییە ئابوورییەکان. بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەین کە هێزی نەرم ئامانجی بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتاری وڵاتانی دیکە، کاریگەریکردن لەسەر کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک کلتور و ئایدۆلۆژیا و پارە، بەها بەرزەکان، ئەخلاقییەکان دەبێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانیان لە بەکارهێنانی هێزدا زیاد بکەن گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرن کە هەر وڵات و هەرێمێک خاوەنی تایبەتمەندی کلتوری و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازە. ( يغين، 2016، ص79)

**ڕاگەیاندن**

بە گشتی ڕاگەیاندن، و بە تایبەتی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، شوێنێکی تایبەتی هەیە لە ناوەڕۆکی چەمکی هێزی نەرمدا، ئەمەش بەهۆی زۆری تواناکەی لە دروستکردن و داڕشتنی بیروڕای گشتی. جۆزێف نای پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و بیروڕای گشتی داڕشتووە، و دەڵێت: "شەڕەکان تەنها لە گۆڕەپانی جەنگدا ناتوانرێت ببرێنەوە، بەڵکو براوەی جەنگ ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکەی لە ڕاگەیاندندا سەردەکەوێت".

(العمارات، 2025)

**پەروەردە و فێرکردن**

تورکیا زوو درکی بە گرنگیی خوێندن کرد وەک ئامرازێکی دیاری هێزی نەرم، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە ئاییندەییەی کە هەیەتی لەسەر ئەو وڵاتانەی ڕۆڵەکانیان لە تورکیا دەخوێنن. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، حکومەتی تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا دەستی کرد بە بەرنامەیەکی فراوان و پڕبایەخ بۆ ئاڵوگۆڕی خوێندکارانی بیانی(ظاهر، 2024، ص212).

ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن وخوێندنی باڵای نێودەوڵەتی گەشەی سەندووە و بووەتە گۆڕەپانی ململانێ لەسەر کاریگەری هێزی نەرم لە نێوان دەوڵەتان. وەک ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە. ئەم گۆڕانکارییە لەم ڕۆڵە دا پێویستی بە تێگەیشتنێکی گشتگیر لە کارلێکی نێوان پەروەردە و هێزی نەرم هێناوەتە کایەوە، بۆیە دەوڵەتان لەڕێگەی پێشکەشکردنی دەرفەتی خوێدن و کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتییان لە وڵاتانی تر هەوڵدەدەن تیشک بخەنە سەر ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ بەکارهێنانی کاریگەری پەروەردە وەک سەرچاوەیەکی گەورەی هێزی نەرم. (Gauttam, 2024 )

**دامەزراوە ناحکومییەکان**

وەك ئامرێزێکی هێزی نەرم، ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بوارە جیاوازەکانی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی، و ژینگەییدا گەشەی سەند، و ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە بەیەکەوەبەستنەوەی چالاکییەکانی ئەم دامەزراوانە، جا لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بێت، و فراوانبوونی جیهان و بەهێزکردنی کارلێککردنیان و خێراکردنی وەڵامدانەوەیان بۆ ڕووداوەکان و گەشەسەندنیان، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بواری سیاسەتی دەرەوە و کاری دیپلۆماسی لە ڕێگەی دەرکەوتنی ڕێڕەوێکی دیپلۆماسی نافەرمی کە بەشداری کرد لە جێبەجێکردنی چەندین سیاسەت و پرۆگرام کاری. ( شێخۆ، 2024)

**وەرزش**

وەرزش ڕێگەیەکە بۆ وڵاتان کە وەك ئامرازێك بەکاری بهێنن بۆ ناسادن و بڵاوکردنەوەی، زمان، میراتی کولتووری ونەریتە سەرنج ڕاکێشەکانی وەك پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی خۆیان بڵاوبکەنەوە. هەروەها سەرکەوتنی وەرزشی نێودەوڵەتی بە یەکێک لە بنەماکانی هێزی نەرمی وڵات دادەنرێت کە ناوبانگی زیاد دەکات و وێنەیەکی ئەرێنی تایبەتی بۆ دروست دەکات. ڕووداوە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەرن لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی و زیادکردنی توانای کێبڕکێ. ( علي، 2024)

**2. پێداویستی و مەرجەکان بۆ سەرکەوتنی هێزی نەرم :**

بۆ ئەوەی هێزی نەرم لە یەکەیەکی نێودەوڵەتیدا کار بکات، دەبێت هەندێک مەرج جێبەجێ بکرێت، ڕەنگە گرنگترینیان بریتی بێت لە:

**توانای ڕاکێشان:**

گرنگیدانەکە بە ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتێک بۆ بەها و سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتەی کە ئامانجی لەگەڵ هەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو بێت، چونکە ڕاکێشان پەیوەندی بە قایلکردنەوە هەیە، کە گریمانە دەکات کە بەهاکانی وڵاتان لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدا بگۆڕدرێت و لێرەدا گرنگی بە دەرئەنجامە کۆتاییەکان دەدرێت، لەسەر دەرئەنجامە کۆتاییەکان، و لێرەدا زەمینەسازی بۆ گۆڕینی بەهاکان دەبێتە هۆی ئامادەکاری بۆ دروستکردنی کۆدەنگی ، بەتایبەتی کاتێك ئامانجەکان لە نێوان هەردو وڵاتدا یەکسان بوون. ( عبدالحي، 2014، ص49)

**ڕازیکردن :**

ڕازیکردن یەکێکە لە ئامرازە دیارەکانی هێزی نەرم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئاماژەیە بۆ توانای کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری ئەوانی تر و ئاراستەکردنی بڕیارەکانیان بەبێ بەکارهێنانی زۆرەملێ یان هێزی ڕەق، بەڵکو لە ڕێگەی بانگەوازی کلتوری و بنەما سیاسییەکان و بەها ئەخلاقییەکان کە شەرعیەت و متمانە بە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکە دەبەخشێت. (Nye, 2004, p5 )

ڕازیکردن بریتییە لە پەیرەوکردنی دەسەڵات لەلایەن لایەنێکەوە (کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە دەوڵەت)، لەسەر لایەنی بەرامبەر کە هێزی ڕازیکردن لەسەری بەکاردەهێنرێت، ڕازیکردن زۆرەملێ نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی دولایەنەیە (یەکسان)ە کە ناتوانرێت پێشوەختە پێشبینی دەرئەنجامەکەی بکرێت لە ڕازیکردندا زۆرەملێ بەکارناهێنێت. ( خضر، 2014، ص46)

**دانانی کارنامە:**

دەستنیشانکردنی پێشینەی وڵاتانی دیکەیە وگونجاندنی بە شێوەیەک کە خزمەت بە پێشینەی وڵاتەکەی خۆی بکات یان لەگەڵی دا بگونجێت، ئەو دەوڵەتەی کە هێز پراکتیك دەکات دەبێت توانای دارشتنی ئەوەی هەبێت کە ئامانج و بەرژەوەندی خۆی بگومجێنێت بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی، لەسەر بنەمای سەرنجراکێشیی کلتوری مرۆڤ و بەها. ( خضر، 2014،ص46)

**3. کاریگەری هێزی نەرم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەدا:**

"گەشەکردنی تەکنەلۆجیاکانی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازەکانی تری کارلێکی ئۆنلاین، بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی دەرکەوتەیی و کاریگەریی هێزی نەرمیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زیاد کردووە. ئەمەش وای کردووە وڵاتان بتوانن بەها و بیرۆکەکانیان لەسەر ئاستێکی جیهانی نیشان بدەن و گوتاری جیهانی سەبارەت بە پرسە گرنگەکان دابڕێژنەوە. هێزی نەرم بووەتە ئامرازێکی یەکلاکەرەوە بۆ دەوڵەتان تاوەکو ڕای گشتی ئاراستە بکەن و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا بنیات بنێن. ( Mohammed, 2023, p3121)

هێزی نەرم کاریگەری لەسەر ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاراستەکانیان و ئامانجەکانیان هەروەها ئەو ئامرازانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بەکاردەهێنرێن، هێزی نەرم لەگەڵ بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکان مامەڵە دەکات. هەوڵدەدات

ستراتیجیی پێویست دابڕێژێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی نەرم وەك کلتور، بەهاکان، دامەزراوەکان و سیاسەتەکان لە ڕەفتارەکانی لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان. (عبدالحي، 2014، ص49)

سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان، میدیا و جۆرەکانی تری کارلێکی ئۆنلاین، کاریگەریی هێزی نەرمی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر زیادکردوە. هێزی نەرم بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ وڵاتان بۆ داڕشتنی ڕای گشتی و دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ گەلانی تر. (Mohammed, 2023, p3122)

هێزی نەرم جیاکەرەوەی تایبەتی هەیە، وایکردوە ڕۆڵی زیاتر بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و پاراستنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی بە تایبەتی لە هەندێك بواری وەك گەشەی ئابووری هاوبەش، زیادبوونی ڕۆڵی ئەکتەرە ناحکومییەکان، گۆڕانکاری لە پرسە سیاسییەکان، گۆڕانکاری دیموکراسی ڕۆڵی ئەم فۆرمەی هێزی زیاتر کردوە. ( حمد، 2014، ص170)

تایبەتمەندی هێزی نەرم ئەوەیە کە تەنها هێزی حکومەتەکان بەرجەستە ناکات، بەڵکو هێزی گەلانیش بەرجەستە دەکات، بەمەش گەلان بەرپرسیار دەکات لە هەوڵدان بۆ گەشەپێدان لە بووارەکانی کلتوری کەمینە جیاوازەکان و کلتورێکی سەرنجراکێش. مۆدێلی هێزی نەرم وا دەخوازێت کە سیاسەتەکانیان توانای ڕاکێشان و ڕازیکردنیان هەبێت لە بووارەکانی سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەدا ئەمەش مانای ئەوەیە کە سیاسەتی ڕق و بەکارهێنانی پێشوازی لێناکرێن. (ماضي، 2024، ص99)

بەکارهێنانی هێزی نەرم پێویستی بە لێهاتویەکی زۆر و ئارامییەکی گەورە هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەدەستهێنانی ئەنجام دەستبەجێ نییە ڕەنگەکات بخایەنێت لەم چوارچێوەیەدا نای دەڵێت: شارەزابوون لە بەکارهێنانی هێزی نەرم قورسترە بەکارهێنانی هێزی ڕەق یان زیرەوە، زۆرجار هێزی نەرم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە شێوەی لە سیاسەتدا کاردەکات، هەندێکجاریش ساڵانێکی زۆری دەوێت تا ئەنجامە خوازراوەکەی لێدەکەوێتەوە. ( ناي، 2007، ص149)

لەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای سوودە زۆرەکانی هێزی نەرم، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هێزی نەرم جێگرەوەی هێزی ڕەق نییە. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە هێزی ڕەق پێویست بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و سیاسەتە دارێژراوەکان، بەتایبەتی لەو بارودۆخانەدا کە ناکۆکی ڕاستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندییەکان هەیە یان ئاسایشی وڵاتێک لە مەترسیدایە. واتا هێزی نەرم چارەسەری بنەڕەتی نییە و ڕێبازێکی هاوسەنگ لە نێوان هەردو بەکارهێنانی هێزی ڕەق و هێزی نەرم پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لە جیهانێکی ئاڵۆز و بەیەکەوە گرێدراودا.

**سێیەم: هێزی زیرەك**

سەرەڕای زیادبوونی گرنگی هێزی نەرم، نای گرنگی هێزی ڕەق بە کەم دانانێت، چونکە ئەو پێیوایە ئەو دوو چەمکە بەیەکەوە گرێدراون، ئەوەی لە نێوانیاندا جیاواز بێت سروشتی ڕەفتارەکەیە، ڕەنگە هێزی ڕەق لە هەمان کاتدا زۆرەملێ و ناچارکردن لەناو خۆیدا هەڵبگرێت، (ڕۆبەرت کوپەرRobert Cooper )* لەگەڵ دیدگای نایدا هاوڕایە، چونکە پێیوایە کە نە هێزی ڕەق و نە هێزی نەرمیش بە تەنیا بەس نیین، پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو هێزە هەیە، ئەگەر نمونەك بۆ ڕونکردنەوە بهێنینەوە ئەوەیە، کە سوپا لە وڵاتێکدا پابەندە بە فەرمانی حکومەت، لەکاتێك سەرچاوەی شەرعیەتەکەی ئەو حکومەتە و بنچینەکەی بریتییە لە هێزی نەرم. (Cooper, 2004. P74)

هێزی زیرەک زاراوەیەکی مۆدێرنتر و قوڵترە لە ڕەوتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان لە چوارچێوەی پەرەپێدانی تیۆری دیپلۆماسیدا، بەو پێیەی هێزی زیرەک پرۆسەی تێکەڵکردنی هێزە ڕەق و هێزی نەرمە لە چوارچێوەی یەک پلانی کارکردنی دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی زیاتری ئامانجەکانی، هێزی زیرەک پێویستی بە پشت بەستن بە توانا بەرزەکانی وڵاتان هەیە، هەروەها توانای یەکخستنی ئەو دوو هێزە لە گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجییەکان بۆ ئەوەی ئەو وڵاتەی کە باسی لێوە دەکرێت بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرتری نێودەوڵەتی بگێڕێت. (العبادي -لقاء ضيفت مؤسسة الحوار الانساني بلندن الاستاذ عمر العبادي يوم الاربعاء 30 حزيران/يونيو 2021 في امسية ثقافية)

جۆزیف نای (Joseph Nye) باسی دەکات هێزی زیرەک پێکهاتەیەکی ستراتیجییە لە هێزی ڕەق (کە زۆرەملێی سەربازی و ئابوورییە) و هێزی نەرم (بە پشتبەستن بە ڕاکێشانی کلتوری و بەهاکان) بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی کاریگەر. ئەم چەمکە جۆزێف نای دایڕشت بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر گرنگی هاوسەنگکردنی فشار و قایلکردن، کە دەوڵەتێک بەپێی کۆنتێکستەکە ئامرازی گونجاو بەکاردەهێنێت. بۆ نمونە هێزی ڕەق بۆ ڕاگرتنی هەڕەشەی دەستبەجێ بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا هێزی نەرم بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی درێژخایەن بەکاردەهێنرێت. ئەم پێکەوەگرتنە ڕێگە بە دەوڵەتەکان دەدات کاریگەرییان لەسەر ئەوانی دیکە هەبێت بەبێ ئەوەی تەنها پشت بە هێز ببەستن، ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر خۆیان لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بگونجێنن.

**باسی دووەم:**

**هێزی نەرم وەك بنەمایەك لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان**

هێزی نەرم بۆتە ئامرازێکی جەوهەری بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و بەخشینی سۆز و بێلایەنی گەلان، لە ڕێگەی لێبووردەیی و قبوڵکردنی یەکتر، ئەمەش گرنگی هێزی نەرم و هەمەجۆریی ڕەوت و شێوازەکانی جیاوازەکان دەکات. بۆیە ئێستا ئیتر بەکارهێنانی هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەکیدا پەیوەست نییە بە زلهێزە نێودەوڵەتییەکان بەتەنها، بەڵکو وڵاتانی تریش ویستیان هەیە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیاندا بەکاریبهێنن، بۆ ئەوەی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکانیان بپارێزن، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی خاوەنی هێزی ڕەق یان سەربازیین.

**داواکاری یەکەم: سروشتی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان**

---

* ڕۆبەلات کوپەر، بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندییە دەرەکییەکان و کاروباری سیاسی-سەربازییە لە سکرتارییەتی ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا

حکومەتی هەرێم وەک قەوارەیەکی سیاسی دوای شەڕی کەنداو دامەزراوە لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا بە سروشتێکی (پارادیپلۆماسی)* دەناسرێتەوە، بەو پێیەی هەرێم هەوڵدەدات پەیوەندی ڕاستەوخۆ و هاوسەنگ لەگەڵ ژمارەیەک وڵات دروست بکات، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سەروەریی تەواوی نێودەوڵەتی نییە. دەتوانرێت بڵێین هەرێمی کوردستان دوای ٢٠١٧، لە (پارادیپلۆماسییەکی پەرەسەندوو) (بەرەو سەربەخۆیی) گۆڕا بۆ (پارادیپلۆماسییەکی پارێزگەر) (بۆ پاراستنی قەوارەکە). ئێستا هەرێم زیاتر پشت بە ئامرازە نەرمەکان (ئابووری، وزە، و کلتوور) دەبەستێت بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بپارێزێت و هاوسەنگی لە نێوان بەغدا و وڵاتانی دراوسێدا ڕابگرێت.(رسول و قادر، 2024، ص230)

لەڕووی جیۆپۆلەتیکیەوە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، و ناوچەیەکی ئارامە بە بەراورد لەگەڵناوچەکانی تری عیراق، لەڕووی سامان سرووشتییەوە دەوڵەمەندە بە نەوت و گازی سروشتی ئەمەش وای کردووە سەرنجی وڵاتان بۆ خۆی ڕابکێشێت. (ئەحمەد، 2022a، ل98)

بە پێی دەستوری عیراق هەرێمی کوردستان دانپێنراوە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ و سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەچێتە ناو دەسەڵاتە دیاریکراوەکانەوە، بۆیە هەرێم ناتوانێت پەیوەندی دولایەنەی سەربەخۆ لەگەڵ هیچ وڵاتێك دابمەزرێنێت ئەگەر ئەو وڵاتە لەگەڵ عێراق پەیوەندی دولایەنەی لە بنەڕەتدا نەبێت. ( عثمان، 2023، ل68)

هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی نە دەوڵەتێکە بەتەواوی و نە هەرێمێکی فیدراڵیشی تەواویشە لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، لەگەڵ ئەوەش هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوشێوەی نیمچە دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. (ئەحمەد، 2022b، ل161)

دروستکردنی پەیوەندییەکی دەرەکی بەهێز و دیبلۆماسییەکی سەرکەوتوو بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی پێویستی بە چەند بنەکایەك هەیە لەوانە، پێگەی جیۆپولەتیکییەکە هەرێمی کوردستانیش ئەو دەرفەتی جیۆپۆلەتیکیە گرنگەیهەیە بۆ سود وەرگەتن لێیەوە، هەروەها بۆ مانەوەی هەرێمێك یا هاوشێوەکانی بەستراوە بە دانپێدانان نێودەوڵەتی بۆ ئەو هەرێمەبۆ دروست کردنی ئەو پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری و سەربازییە لەگەڵ وڵاتان و ڕێخکخراوە نێدەوڵەتییەکان، هەرێمی کوردستانیش لە هەردوو ڕووەوە ( جیۆپۆلەتیك و دانپیانانی نێودەوڵەتی) بەهێزە. (ئەحمەد، a 2022، ل98)

کاتێک دەستوری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕاگەیەندرا، کورد دەرفەتی دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی لە باکوری عێراق بۆ ڕەخسا. لە ڕێگەی چالاکییە بازرگانییەکانیەوە وەک دراوسێی تورکیا بۆ چالاکییە بازرگانیانە ڕێگەیان داکە پەیوەندی سیاسی دولایەنە بنیات بنێن و بەمەش هێزی نەرمی تورکیا لە ناوچەکەدا بەهێزتر بوو. لە هەمان کاتدا، بەو پێیەی ئەو چالاکییانە لەگەڵ ستراتیجییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا دەگونجێت. ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن کۆمەڵێک ئەکتەری نا دەوڵەت بەشداری دەکەن لە هێزی نەرمی دەوڵەت و لە هەمان کاتدا تەحەدای دەوڵەت دەکەن بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لە سیاسەتی ناوخۆییدا بەهێز بکەن.(Özdemirkıran, 2015. P1-2 )

لە پەیڕەو و پراکتیك کردنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا لە بەکارهێنانی هێزی نەرم لە جێگای هێزی ڕەق گرنگی پێدراوە، دیپلۆماسی یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگەکانەی کە بە مەبەستی گەرەنتیکردن و بەرزکردنەوەی ئامانجانەکان بەکار هاتووە و هەوڵدراوە لایەنی ئەرێنی و ئاشتەواییەکەی سیاسەتەکان بخاتەڕوو.

هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیە ئابووریە باڵاکانی، سیاسەتی دەرگای کراوە بەڕوی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیرەوکرد لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەڕەچاوکردنی مافە دەستورییەکانی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ داکاردەکات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دۆست. (عثمان ،2023. ل85)

**داواکاری دووەم: هێزی نەرمی تورکیا**

ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی بریتیە لە کارکردن بۆ دانان و داڕشتنی پلان و ستراتیجی لە بەکارهێنانی توانا و هێزی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ئامانجی وڵاتەکەی، کە دەبێت لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجییە دیاریکراوەدا بەدیبهێنرێن، لە میانییەوە بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەت بەدەست بهێنێت، لەسەر بنەمای ئەو توانا و پابەندبوونانە گۆڕاوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دیاری بکرێن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە. (نجم، 2018، ص138 )

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا جیاوازی هەیە لە نێوان زلهێزەکان و وڵاتانی تر کە ئەوانیش خاوەن هێزی نەرمن، وەک ئەوەی کە هێزی نەرمی زلهێزەکانی وەک چین و ڕوسیا جیاوازن لە هێزی نەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمریکا بەوە ناسێنراوە کەخاوەن گەورەترین سەرچاوەکانی هێزی نەرمە، بەڵام ڕاپۆرتی(Brand Finance) سەبارەت بە پێوەری هێزی نەرمی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢٥ دەردەخات کە چین گەیشتوەتە پلەی یەکەم، بۆ یەکەم جار بەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا تێپەڕیوە، بەهۆی هەوڵەکانی لە بواری پەروەردە، کلتور، و بەهێزکردن بواری پەرەپێدانی جیهانییەوە. لە بەرامبەردا، شانشینی یەکگرتوو بۆ پلەی سێیەم دابەزیوە بەهۆی جێگیربوون لە ئاستی کارکردندا بەبێ بەدەستهێنانی پێشکەوتنێکی بەرچاو (Erricker, 2025 ) هەر لەم ڕاپۆرتە هاتووە کە تورکیا بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٤، حەوت پلە هاتووەتە پێشەوە (لە پلەی ٢٥ەوە بۆ پلەی ١٨). ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە تورکیا لەڕەهەندەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بازرگانی و بازاڕدا گەشەی کردووە. هەروەها ڕۆڵی تورکیا وەک ناوبژیوان لە قەیرانە جیهانییەکان و کلتووری، هۆکاری

---

* بە مەبەستی بەشداریکردنی حکومەتە هەرێمی و ناوخۆییەکان (وەک ویلایەت و هەرێمەکان) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیی فەرمی و نافەرمی لەگەڵ لایەنە بیانییەکان (چ حکومی بن یان کەرتی تایبەت)، بەدیهێنانی ئامانجە کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانیان. ( Cornago, 1999, p. 40)

سەرەکیی ئەم بازدانە بوون.

لەسەر ئاستی وڵاتانی هەرێمیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازی ڕوون هەیە لە نێوان هێزە نەرمەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی خاوەن هێزی ناوچەکە، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆرترین پابەندبوون بە سیستەمی دیموکراسی و پرۆسەی ئاشتییانەی گواستنەوەی دەسەڵاتەوە هەیە. ئەمەش وای لێدەکات گرنگ بێت وەک مۆدێلێکی جێگەی لاساییکردنەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە بەدەستهێنانی سەقامگیری سیاسی و لەدوای ئەوەش سەقامگیری ئابووری، کۆمەڵایەتی-کولتووری، سەربازی-ئەمنی و ئاستەکانی دیکە کە وڵاتان پێویستیان پێیەتی بۆ سەقامگیری و بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان( النجم، 2020، ص365)

لە ڕووی پەیوەندی ناوچەیی، تورکیا پەیوەندی کلتوری و مێژویی و شارستانی هاوبەشی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی و وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە تایبەتی، ئەو پەیوەندیانە دەگۆڕێت بۆ هێزی نەرم و دەستڕۆیشتویی و هەژمونی ئابووری و سیاسی و کلتوری هەیە بەسەر ناوچەکە. (کرامر، 2001. ص75)

ئەو هێزی نەرمەی تورکیا لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە:

1- ئاشتەوایی و ئازادییەکان و ئاسایش: لە پێش هەموو شتێکەوە بە دابین کردنی ئاسایش بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی چاکسازی سیاسی بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی بکات، ئەمەش وایکرد تورکیا ببێتە مۆدێلێک بۆ وڵاتانی دیکە.

2- نەهێشتنی ململانێ و قەیرانەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی نەرم وەك تەواوکارییەك بۆ هێزی ڕەقی سەربازی لە بووارەکانی ئاسایش، ئەو ستراتیجیەش پێی دەگوترێت "سفرکردنی کێشەکان"، دواتر تورکیا ئەو وێنەی کە تورکیا وڵاتێکی خاوەن گرفتی گۆڕی بۆ وێنەی وڵاتێکەوە کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو لایەکدا هەیە، بۆ نمونە، بەکارهێنانی ئامرازی هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو وڵاتانەی کە پێویستیانە، هەروەها بەکارهێنانی وتار و ڕاگەیاندنی نەرم . (Saraçoğlu and Demirkol, 2014, P484-486 )

تورکیا هەرچەندە دوای ساڵی2016 هەوڵی زیاتری بۆ بەدەستهێنانی پێگەی کاریگەرترلە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی (سفرکردنەوەی کێشەکانی) گۆڕی بۆ ئەوەی پێگەیەك بە دەست بهێنێت کە لەگەڵ نەزمی ناوچەیی بەرژەوەندییەکانی خۆی دابڕێژێتەوە. ئەم گۆڕانکارییەش تەنها لە ڕێگەی ئابوورییەوە نەدەکرا، بۆیە لە ڕێگەی لەو پێگەیە بەردەوامی لە هێزی نەرم و تێکەڵکردن و نیشاندانی هێزی ڕەقەوە بوو بۆ چەسپاندنی پێگەی وەک دەوڵەتێکی پێشەنگ لە ناوچەکەدا. (Cagaptay, 2019, p. 3)

3- پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەکی فرەڕەهەند: تورکیا بەهۆی هەڵومەرجی تایبەتی ناوخۆیی و دەرەکی، ناکرێت سیاسەتێکی یەک ڕەهەندی پەیڕەو بکات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتان لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری لە ئاسیا و ئەوروپا، وڵاتێکە کە خاوەن ئامرازی هێزی نەرمی سەرنجڕاکێشە کە بەشداره لە دامەزراندنی ئاشتی، دیبلۆماسی میانڕەوی کاریگەر وەك (ڕێککەوتنی دانەوێڵەی دەریای ڕەش لە نێوان ڕوسیا و ئۆراینا)، پەرەپێدانی شێوازی دیپلۆماسی و میانڕەوی نمونەیی لە پەیوەندییەکانی دا. (Altunışık, 2022, P2-3)

4- تورکیا هەوڵی داوە ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەنگی تایبەتی لە ناوچەکە چونکە پێی وایە کە مێژوو و جوگرافیاکەی ئەو ڕۆڵەیان بۆ بەهێز کردوە لە ناوچەکە، بۆیە تورکیا بەو پێگەی نەوەستاوە کە تەنها پردێك بێت لە بەیەك گەیاندنی ناوچەکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو بەسیاسەتەکانی لە بەکارهێنانی هێزی نەرم ئەو پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە ناوچەکە. (اغلو، 2011.ص220)

ئەو ئامرازانەی کە هێزی نەرمی تورکیا جۆراوجۆرن؛ لە نێوان ئامرازی خاوەن سروشتێکی فێرکاری و هەندێکی تری هونەری و ڕاگەیاندن، هەروەها دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، جگە لەو دامەزراوانەی کە خاوەن ڕەهەندێکی نەتەوەیی و ئایینین.(ظاهر، 2024، ص210) تورکیا خاوەنی میراتێکی کولتووری و شارستانیی بەرفراوانە کە بۆ مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەمەش دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێت کە دیپلۆماسیەتی کولتووریی خۆی زۆر بە ئاسانی پیادە بکات؛ چونکە میراتە کولتوورییەکەی پڕە لەو ڕەهەندە کولتووری و مێژووییانەی کە چەندین گەلی دراوسێی پێوە دەبەستێتەوە (محمد، 2017، ص84)

لەم ساڵانەی دواییدا دیپلۆماسیەتی کلتوری تورکیا کە لەسەر بنەمای ( ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەرەپێدانی زانیاری ) دامەزراوە، بۆ بەرزکردنەوەی بەهاکانی ئاشنابوون بە کلتوری تورکی لە نێو گەلاندا، کە دەکەوێتە چوارچێوەی چەمکە پەسەندکراوەکانی هێزی نەرم، کە بەکاریان دەهێنێت بۆ کاریگەری لە ڕێگەی ئەو بەها و بیرۆکەکانەوە. (أبو مصطفى، 2023، ص477 )

دیپلۆماسی تورکیا بە گوشاری بازرگانان هاتۆتە کوردستان کە داواکاری و ڕێکخستن کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا هەبووە. ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت کردنەوەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی تورکیایە لە هەولێر کە ئاماژەیە بە دانپێدانانی ڕەمزی بە کوردستان کە پێشتر لە سیاسەتی تورکیادا تابوو (forbidden) بوو. هەرچەندە تورکیا بە داننان بە دەستوری عێراقیی دانی بە پێگەی حکومەتی هەرێمدا ناوە . (Özdemirkıran, 2015. P1-2)

تورکیا هەوڵی چالاککردنی ڕەهەندی ڕۆشنبیری داوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەی بۆ بوونی بە ناوەندێکی ڕۆشنبیری لە زۆربینەی ئەو وڵاتانەدا، جگە لە میوانداریکردنی کۆنفرانس و سیمینارەکانی تایبەت بە گفتوگۆ و هاوکاریی، پاڵپشتی پێشکەشکردنی ئەو بەشە زانکۆیانەی کە وانە دەڵێنەوە بە زمانی تورکی، و دابینکردنی سکۆلەرشیپ بۆ قوتابیانیان بۆ خوێندن لە تورکیا. هەروەها کۆڕبەندی دیالۆگی دولایەنە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا دامەزرا و بڕیارەکە لەگەڵ ڕەزامەندی سەرۆکی کۆماری تورکیا هاوپێچ بوو و وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی زیاد کرا کە بارەگاکەی لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی ٢٠١٣. ئەم کۆڕبەندە ئامانجی چەسپاندنی زیاتری پەیوەندی ئەرێنییە بە دامەزراندن و بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی هێزی نەرمە. ( بودردابن، 2021، ص625)

بۆ نموونە، لە دەرفەتێك لە 2025 سکۆلەرشیپەکانی تورکیا بۆ قوتابیان نێودەوڵەتی پێشوازییەکی زۆریان لەسەرە کە لەلایەن حکومەتەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت بە مەبەستی هاوکاری قوتابیان . ئامانج لەم سکۆلەرشیپە دروستکردنی لێکتێگەیشتنە لە نێوان کۆمەڵگا تورکی و

وڵاتە جیاوازەکاندا. پێویستە سەرجەم قوتابیان لەگەڵ بڕوانامەکەدا بەشداری پرۆگرامی یەك ساڵەی زمانی تورکی بکەن. (بۆ زیاتر زانیاری- کورد سکۆڵەر، سکۆڵەرشیپی حکومەتی تورکیا بۆ ساڵی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ _سەرجەم تێچووەکانی لە ئەستۆ گیراوە)
هەر وڵاتێك سەرکەوتو بێت لە دروستکردنی دراما لە توانای بڵاوکردنەوەی بەها و بیرۆکەکانی بۆ جیهانی دەرەوە گرنگە. بۆیە دەتوانێت پێگەیەکی پێشکەوتوی کلتوری لە ناوچەکەدا بنیات بنێت، تورکیا ئەمەی کردوە و گونجاندویەتی لەگەڵ سنوری چوارچێوەی تەکنیکی، دوای ئەوەی بوو بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە خزمەت بە سیاسەتەکانی وڵاتەکەی دەکەن و ئەمەش بە تایبەتی ئەوکاتە هات کە دۆبلاژکردنی زنجیرە تورکییەکان بۆ شێوەزارە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکان کرا. ( طلحة، 2018، ص48) تورکیا نزیکەی ١٥٠ درامای تورکی هەناردەی وڵاتانی جیاواز کردووە و بە زمانە جیاوازەکان دۆبلاژ و پەخش کراون، کەبینەریان لە ١٤٩ وڵاتی جیهاندا هەیە. ئەو ئامارانە ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن کەس سەیری درامای تورکی دەکەن لە سەرتاسەری جیهان. لە ساڵی ٢٠١٩دا، داهاتی هەناردەکردنی ئەم دراماییانە گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار، بەمەش تورکیا لە دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلەی دووەمی جیهانی وەرگرتووە لە هەناردەکردنی دراماداا. حکومەتی تورکیا وەک بەشێک لە ئامانجە ستراتیجییەکانی.(عەلی،2021،ل54)
لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە، درامای تەلەفزیۆنی گرنگە لە کاریگەریکردن لەسەر ڕەفتار و خوەکان، و بەدەستهێنانی بەها و زانیاری، هەروەها لێهاتویی. گرنگییەکەی لەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات و ئێمەش ئەوە دەزانین سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو فاکتەرە بنەڕەتییانەی کە کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بەرپرسیارن لە دروستکردنی درامای تەلەفزیۆنی. ( المصري، 2010, ص99)

**داواکاری سێیەم: هێزی نەرم لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا**

بۆ باسکردنی سەرچاوەکانی هێزی نەرمی تورکیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبێت بە چەند بابەتی سەرەکی باسیان بکەین :

پشتبەستنی دولایەنەی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەیەکی کولتووری لەگەڵ یەك، کە دەخوازێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی نەرمەوە کاریگەریی کولتووری و سیاسی لەسەر ناوچەکە هەبێت. ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان زەمینە بۆ هەژموونێکی لەو شێوەیە خۆش دەکەن، تەنانەت لە ناوچەیەکدا کە بوونی و تەنانەت ناوەکەشی (کوردستان) بۆ ماوەیەکی درێژ بە یەکێک لە قەدەغەکراوەکان (تابووەکان) دادەنرا و لە ڕابردوودا لە لایەن سەرکردەکانی تورکیاوە. بەڵام ئێستا هەوڵ دەدات خۆی لە ململانێکان لە ناوچەکەدا بپارێزێت، ئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی هەمان ئەو ستراتیجییەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەی پێداوە، کە خۆی لە دووركەوتنەوە لە دەستوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ و جەختکردنەوە لەسەر هێزی نەرمدا دەبینێتەوە. سەرەڕای ئەو کۆت و بەندانەی کە پێکهاتەی سیاسی و ئابووریی ناوچەکە دەیسەپێنن، تورکیا هەموو دەرفەتێکی لەبەردەمدایە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی هێزی نەرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ چونکە لە چاو دراوسێکانی لە ناوچەکەدا، کۆمەڵێک چاکسازیی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی ئەنجامداوە. (Özdemirkıran, 2015. P12)
حکومەتی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی (کارەکتەری هەرێمییە) کە توانیویەتی سنووری ناوخۆییەکان تێپەڕێنێت و پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. گۆڕانکاری گەورە لە پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرەدا لە ساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە ڕوویدا؛ کاتێک تورکیا لە سیاسەتی (نکوڵیکردن و دژایەتی) گۆڕا بۆ (دانپێدانان و هاوکاریی ستراتیجی). ئەم گۆڕانکارییەش بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و کەرتی وزە (نەوت و گاز) بوو. تورکیا هەرێمی کوردستانی وەک دەروازەیەکی گرنگی ئابووری و بازاڕێکی ساغکەرەوە بۆ کاڵاکانی بینی، لە بەرانبەریشدا هەرێمی کوردستان ئەم (پەیوەندییە ئابوورییەی) وەک ئامرازێکی پارادیپلۆماسی بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی سیاسی و کەمکردنەوەی کێشەکان و فشارەکانی حکومەتی ناوەندیی بەغدا. (Owtram, Mohamme, 2014, p76-77) ، یەکەم کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئاستی باڵا (2008/05/1) لە نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیا لە بەغدا لە 1ی ئایاری 2008، کە حکومەتی کابینەی هەشتەم بە سەرۆکایەتی ( نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری تایبەتی تورکیا بۆ عێراق موراد ئۆزچەلیک، پێکەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەوکات (ئەحمەد داود ئۆغلو)، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوە، بڕیاریان دا ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن. هەردولا باسیان لە بووارەکانی هاوکاری کرد لە هەردو بوواری ئابووری و سیاسیدا. لەوانەش ڕێکەوتنێک بۆ دۆزینەوەی ئاشتیانە و چارەسەر کردنی پرسی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (PKK). ( Charountakı,Turkish foreign policy and the Kurdistan Regional ,Government, 2012, p192 )

**گرنگی جیۆپولیتیکی هەرێمی کوردستان:**

هەرێمی کوردستانی عێراق بە یەکێک لە ناوچە ستراتیجییەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی ناوچەیی وهەرێمی، چونکە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران. ناوچەکە گرنگی جوگرافییە کە عێراق و تورکیا لەلایەک و عێراق و ئێران لەلایەکی دیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش وایکردوە ببێتە پردێک بۆ بازرگانی و گواستنەوەی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا. جگە لەمەش سامانی سروشتی هەرێم وەک نەوت و گاز وای لێدەکات ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی وڵاتانی دراوسێ. ئەمە گرنگی بازرگانی هەرێمی کوردستانی دەردەخات بۆ وڵاتانی دراوسێ وەك تورکیا و ئێران. ( شبكة الجيوستراتيجي للدراسات، 2025)
لە ڕاستیدا، تورکیا پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کاتێک لە کۆتایی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا ناوچەیەکی دژە فڕین لە باکوری هێڵی پانی ٣٦ دامەزرا و تورکیا یارمەتیدەر بوو لە سەرهەڵدانی ناوچەیەکی کوردی

سەربەخۆ لە باکوری عێراق. (Pusane, 2016, P1-2)
تورکیا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی و زیادکردنی کاریگەری ناوچەیی خۆی درکی بەوە کردیە کە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قازانجی ئەودایە، لەبەر ئەوەی لەرووی گرنگی جیۆپۆلیتیکی ولە رووی پەیوەندی سیاسی و ئابوورییەوە گرنگە بۆ تورکیا، بۆیە لەناوچەکە وەك هاوپەیمانییەکی ستراتیجی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەردەکەوێت. (Charountakı, 2012, p201)
ویستی تورکیا بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە ڕوانگەی سیاسی و ئابوورییەوە، وایکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەوتر بکات، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و کاریگەریی ناوچەکە لەسەر گروپە چەکدارە کوردییەکان لە تورکیا بە وازهێنان لە چەکەکانیان و هەنگاونان بەرەو مێزی دانوستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و فەرمی هەمان شت بۆ هەرێمی کوردستانیش دەگونجێت کە تورکیە بە خاڵی پەرینەوەیەکی گرنگ دەزانێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ڕوی سیاسی و ئابوورییەوە. (مزوري، 2018)

**نوخبەی سیاسی و کاراکتەری سیاسی:**

پرسی کورد لەناو تورکیادا وەك پرسێکی سیاسی گرنگیی هەیە لە سیاسەتی تورکیا و هەر ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و گۆڕانی لە پەیوەندییەکی گرژ بۆ پەیوەندییەکی هاوسەنگ. هەروەها بوونی چەندین کەسایەتی کاریزمی کاریگەریش وەك کەسایەتی و کاراکتەری سیاسی (مەسعود بارزانی) بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا کاریگەری دیاری هەبوو لە چەسپاندنی ئەو هەڵوێستەی کە تورکیا بەرامبەر مەسەلەی کورد و هەرێمی کوردستانی هەبوو، کاتێك دژی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا بوو لە چارەسەرکردنی ئەو پرسە، بەڵکو پێویستە بەشێك بن لە دانانی چارەسەری ئاشتیانەی ئەو پرسە. (شواني، 2021. ص144)
کاراکتەرێکی کە (نێچیرڤان بارزانی) یە ڕۆڵی گەورەی بینی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا لە ڕێگەی پەرەپێدانی و جێبەجێکردنی بەرنامەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە جگە لە ڕزگارکردنی سیاسی و سیستەمی ئابووری و کاری هاوبەش لە ڕێگەی هاندان و ئاسانکارییە حکومییەکانەوە کە بۆ وەبەرهێنەران و بازرگانان دابینکرا . (بابان، 2010، ص123) تورکیا دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵوێستی توندی نواند بەرەمبەر ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە، بە هاوکاری لەگەڵ بەغدا و تاران بۆ دروستکردنی فشار لەسەر هەرێمی کوردستان بە داخستنی سنورە بازرگانیەکانیان لەگەڵی،(ئەحمەد،2020، ل255)   نێچیرڤان بارزانی وەك کاراکتەری سیاسی کاریگەر لە مەسەلە سیاسیەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییە.
وەک یەکێک لە نوخبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، (ئایدن معروف)  بەتایبەتی دوای رفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆڵی هەبووە لە دوبارە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی سەردانەکانیان بۆ تورکیا یان لە ڕێگەی سەردانەکانی مەولود چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٩ بۆ هەولێر یان لە کاتی قسەکردنیان لەسەر هەڵوێستیان لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ستایشی ڕۆڵی بەڕێز ئایدنی کرد بە گەیاندنی پەیامی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ناسراوە. لە کۆتاییدا ڕۆڵی هەبوو لە پەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانە لە هەموو بووارەکاندا. بەتایبەت لە بوواری پەروەردە و خوێندنی باڵا و لە بوواری ڕۆشنبیری (شواني،2021، ص150)
کاتێك سەرۆکی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) لە مانگی چواری ساڵی 2024 سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی کرد و پێشوازی لێکرا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو سەردانەی بە هەنگاوی گەیشتن بە گەشەپێدان و ئاسایش لە ناوچەکە وەسف کرد، ئەم سەردانە هەنگاوە بنەڕەتییەکانی قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی تورکیای ئاشکرا کرد. (رياض، 2024. ص46)

**بوواری ئابووری- ئاڵوگۆڕی بازرکانیدا:**

لەدوای هەڵبژادنەکەی ساڵی 2002 بۆ حکومەتی نوێی نورکیا  و هاتنە دەسەڵاتی پاری داد و گەشە پێدان، پەیوەندی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات و بەتایبەتتر لە دوای 2008 وپێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی،  بەهۆی گەشەسەندنی ئابووری تورکیا کە پێویستی بە بازاڕی نوێ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی هەروەها بەدوای سەرچاوەی نوێی وزەدا دەگەڕا. لەلایەکی تر دوای گەیشتنی پارتی داد و گەشەپێدان  بۆ پێکهێنانی حکومەت، شێوازی مامەڵەی لەگەڵ پرسی کوردانی تورکیا گۆڕا. (Pusane, 2016, P20)
ئێستا تورکیا سیاسەتێک جێبەجێ دەکات کە دیپلۆماسی ئابوورییە ، بازرگانی بە ناوەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەزانێت لە پرۆسەکەدا، کە وای لێکردون ئاستێکی دیاریکراو لە گونجان لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان کە لەلایەن حکومەتەوە دیاری بکرێن. لە ئەنجامدا سەرەڕای ململانێ پێشبینیکراوەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ئاسایشی سنورەکان و بوونی چەکدارانی پەکەکە لەسەر خاکی کورد، و سەرەڕای دژایەتی تورکیای سەربازی دەسەڵاتە سیاسییەکانی تورکیا، چالاکییەکانی بازرگانیەکانی سنوردار نەکردوە. (Özdemirkıran, 2015. P7)
بەهۆکاری ئەمنی و ئابوورییەوە تورکیا حەز دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان بەهێز بمێنێتەوە. سەقامگیری لە ناوچەکەدا بە واتای دەستەبەرکردنی سنوری باشوری تورکیا و کردنەوەی بازاڕی نوێ دێت، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرژەوەندی ئابوورییەوە گرژییەکانی کورد و تورکیا کەمبکرێتەوە. ( شبكة الجيوستراتيجي للدراسات ، 2025)
بۆیە لەڕووی ئابوورییەوە، هەرێمی کوردستان و تورکیا پابەندن بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان، ئیرادەی تورکیا بۆ هەمەچەشنکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەرێم زۆرە، وەک هاندەرێکی سەرەکی دێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لە لایەنەکانی تریش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. تورکیا و حکومەتی هەرێم بەرژەوەندییەکی بەهێزی هاوبەشیان هەیە لە پاراستنی هاوبەشی ئابووری خۆیان، کە ئەمەش سوودی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەردولا هەیە.( چاغاپتای ، 2015)

کەواتە دەکرێت پەیوەندی ئابووره نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەرێگایەکی بازرگانی و ئاڵوگۆری ئابووری و وزەوە بێت:
هەرێمی کوردستان ئەو رێگە بارزگانییەیە کە تورکیا بە عێراق و لەوێشەوە بە وڵاتانی کەنداو دەبەستێتەوە وەك وەزیری بارزگانی تورکیا (عمر بوولاط) ئاشکرای کرد کە عێراق سێیەم گەورەترین وڵاتە لە هاوبەشی ئاڵوگۆری بازرگانیە لەگەڵ تورکیا( وكالة الأناضول، 2024)، بڕێکی زۆری کەلوپەلی هەنارده کراو بۆ ناوچەکانی عێراقیش بە دەروازەی سنوری ئیبراهیم خەلیل لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێت کە بە یەکێک لە گرنگترین خاڵە سنورییە بازرگانییەکانی ناوچەکە دادەنرێت. ( شبكة الجيوستراتيجي للدراسات، 2025)
تورکیا یەکێکە لە گەورەترین هاوبەشە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی زۆرێک لە کۆمپانیا تورکییەکان وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکانی ناوچەکەدا دەکەن، بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان دەگاتە چەندین ملیار دۆلار، هەرێمی کوردستان بازرگانی بەهێزی لەگەڵ تورکیا هەیە، تورکیاش خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزە، 1900 کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و وەبەرهێنان دەکەن، لە دە مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردو بازرگانی لەنێوان عێراق و تورکیادا هەبووە بە بەهای 9.6 ملیار دۆلار، کە 30%ی بۆ کوردستان بووە هەرێم، ( Kurdistan24، 2025) مەهدی ئاکەر- وەزیری پێشوی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری تورکیا، لە وتارێکیدا لە میانەی بەشداریکردنی لە چوارەمین کۆڕبەندی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەلایەن زانکۆی ئەمریکیی کوردستان – دهۆک بەڕێوە چو ، باسی لەوەکرد کە تورکیا پەیوەندیی هەمەچەشنی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، لە هەمان کاتیشدا جەختی لەوە کردەوە کە پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەیە. ( أکر، 2024)
دەکرێت ئاماژە بە ئاماری بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی - وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە دەریدەخات ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 بڕی 11 ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٥ بە بڕی ٩.٥ ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٦ بڕی٩ ملیار دۆلار بووە و لە ساڵی ٢٠١٧شدا ١٠.٥ ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٨دا نزیکەی ١٢.٥ ملیار دۆلار بووە (شوانی، 2021، ص131) ، بۆ ساڵی 2019 بە نزیکەی 11.5 ملیار دۆلار بوو بەڵام لە ساڵی 2019 ئەو رێژەیەی ئاڵوگۆر کەمبووەوە بۆ 9.8 ملیار بەهۆی داخستنی سنورەکان لەبەر بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە 2021 رێژەکە بەرزبووە بۆ باری ئاسایی جارانی بە بری 12.1 ملیار، لە ساڵی 2022 گەیشتە بڕی 13.2ملیار ئەو بەرزبوونەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی بەهای نەوتی جیهانی بوو کە لە راپۆرتەکانی POEC ئاماژەی پێکرابوو (. المسرى, 2023) ، لە 2023 بۆ بە 16ملیار بوو لەگەڵ عراق و 80%ی ئەو رێژەیەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووکە 12.8 ملیار بوو (التأخي، 2023 )، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێم و تورکیا تا ئەیلولی ٢٠٢٤ گەیشتە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار. ( شفق نيوز، 2024)

**بوواری وزە**

هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لە نوێترین ناوچە دەوڵەمەندە نەوتییەکان لە جیهاندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و گەشەی خێرای ئابووری کە کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری لەگەڵ دراوسێ جوگرافییەکانی. ئەم هۆکارانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدان و بووژاندنەوەی کەرتی وزە (بەتایبەت نەوت و گازی سروشتی) هەبووە، و وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەم کەرتە گرنگە چونکە بزوێنەری سەرەکی گەشەسەندنی ئابوورییە لە کوردستان. ( الكاكائي، 2020، ص 674 )لە رووی جیۆپۆلەتیکییەوە، هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان کە کەناراوی ئاوی یاخود سنور و دەرچەی دەریایی نییە، ئەمە وایکرد حکومەتی هەرێم لە رووی سیاسییەوە کەڵک لە جوگرافیای تورکیا وەربگرێت بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕە جیهانییەکان.( الكاكائي، 2020، ص 785)
لە کەرتی وزەدا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دەستەبەرکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی وزەی تورکیا، بەتایبەتی لەرێگەی هەناردەکردنی نەوتەوە. نەوتی خاو لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و لە کێڵگەکانی دیکەی ناوچەکەوە لە رێگەی بۆرییەکەوە دەگوازرێتەوە کە درێژدەبێتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لەسەر دەریای ناوەڕاست. هەروەها لە رێگەی وشکانییەوە بە گواستنەوەی لەرێگەی ئەو تانکیانەی کە نەوت دەگوازنەوە، ئەم هاریکارییە لە کەرتی وزەدا بۆ تورکیا زۆر گرنگە، چونکە تورکیا هەوڵدەدات پشتبەستنی بە سەرچاوەکانی تری وزە کەم بکاتەوە. ( شبكة الجيوسياسية للدراسات، 2025)

**بوواری کلتور**

ئەگەر بێت و باسی کلتوری هەرێمی کوردستان بکەین کە چۆن کاریگەرە لەگەڵ کلتوری تورکیا، دەبینرێت نزیکایەتیەکی کلتوری لە نێوانیاندا هەیە بەهۆی نزیکی ناوچەیی و هاوسنورییەوە ، کە تارادەیەك کلتوری دانشتوانی ئەو ناوچانە لەیەکتر نزیکن یاخود کاریگەرن بە کلتوری یەکتر.
تورکیا دەیەوێت کاریگەری لەسەر ناوچەکە هەبێت جا لە هەر بووارێك بێت یەكێك لەوانە لە روی كلتورییەوەیە، وەك ئامرازێکی بەکارهێنراو لە ئامرازەکانی هێزی نەرم. یەکێك لەوانە زمانە، قوتابخانە ئەهلیەکانی تورکیا کە بە "قوتابخانەکانی ئیشك و نیلۆڤە"لە هەرێمی کوردستان هەن وەك ئاشنابوون بە زمان کە ئامرازێکی گرنگی هێزی نەرمە.(Altunışık, 2022. P78) هەروەها بەکارهێنانی هونەریش وەك ئامرازێکی تری ناساندنی کلتوری، دەبینرێت کە بەردەوام لە کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان دراماکانی ئەو وڵاتە دەخرێتە سەر زمانی کوردی ئمە جۆرێك لە ئاشنابوون بە کلتوری ئەو وڵاتە بەکاردێت بۆ نزیکبوونەوەی ئەو لایەنە. ئامرازی میدیا، چ تەقلیدی بێت یان نوێ، یان ئەوەی پێی دەوترێت سۆشیال میدیا، بە کاریگەرترین هێزی نەرم دادەنرێت، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردن و دارشتنی ڕای گشتی و هۆشیاری کۆمەڵگا. چونکە هێزی نەرم میدیا بەکاردەهێنێت و پلانی هەیە بۆ کارکردن لەسەر کلتور و چونیەتی بیرکردنەوەی ئەوانی تر یاخود

بەرامبەرەکەی بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات. ( پەیسەر پرێس، هێزی نەرمی تورکیا و ئێران چ فشارێك دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان؟ ، 2021)

**دەرئەنجا**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە کۆمەڵێك ئەنجام کە دیارترینیان بریتین لەوەی کە هێزی نەرم یەکێکە لەو چەمکە نوێ و گرنگانەیە کە سەریهەڵداوە لە بوواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە وەک یەکێک لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ڕۆڵ دەبینێت و توانای گەورەی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان.

لە پەیوەندییە سیاسییەکاندا، وڵاتانان دەتوانن لە ڕێگەی نیشاندانی نیازباشی و برەودان بە بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکان، متمانە لە نێوان خۆیاندا بنیات بنێن و ژینگەیەکی نێودەوڵەتیی سەقامگیرتر و پڕ لە ئاشتی برەخسێنن. هەروەها بنیاتنانی متمانە و هاوکاری و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان بەبێ پەنابردن بۆ هێزی سەربازی، ڕێگە بۆ دەوڵەتان خۆش دەکات کە لە ڕێگەی ئامرازە ئاشتیانەکانەوە ئامانجەکانیان بپێکن، ئەمەش بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی هێزی نەرم هەژمار دەکرێت لە سەرەتاکانی ساڵانی 2000 سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، گواستنەوەیکی پەیڕەو کرد لە بەکارهێنانی ئامرازی تەقلیدییەوە بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نەرمەکان، ئەمەش وایکرد کە هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییەکی باش بدات لەگەڵ وڵاتان و ناوچەکانی دەوروبەری، کە توانی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا، ئەو ئامانجانە بەدەستبهێنێت لە ناوچەکەدا بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە ڕەهەندە کلتورییە هاوبەشییەکان بەستووە لە نێوان خۆی و وڵاتان، تورکیا ئامرازەکانی هێزی نەرمی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی خەڵک.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردودا بەکارهێنانی هێزی نەرمی پەیڕەو کردوە. لێکتێگەیشتن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر یەکێکن لە گرنگترین و کاریگەرترین ڕێگاکان بۆ سیاسەتکردن و گەیشتن بە ئامانجەکان لە دۆخ و پێگەی هەرێمی کوردستان، نەك بە تەنها لەگەڵ تورکیا بەڵکو لە تەواوی پیوەندییە دەرەکیەکانی.

لەگەڵ بونی هەندێك وێستگەی گرژی سیاسی و ئەمنی لە ماوەی ئەو دەساڵە(2014-2024) کاتێك هەڵوێستی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆڕی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە گۆڕینی هێزی نەرم بۆ جۆرەکانی تری هێز بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیەوە، هێزی نەرم وەك سەرچاوەیەکی گرنگی سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا بەردەوامی پێدرا لەم پەیوەندییەدا

تورکیا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی سیاسی بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، پێویستی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی هێزی نەرمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. گرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە، لە ڕیگەی ڕەهەندی ئابووری و پەیوەندیە ئابوورییە بازرگانیەکان وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی دروست بوونی پەیوەندی و ڕێکەوتنی ئاشتیانەی هەرێمی کوردستان و تورکیا، لە دوای 2014 تاکو کۆتایی 2024 ڕێژەی بازرگانیکردن نێوانیان ساڵانە زۆر گۆرانی ئەرێنی پێوە دیار بووە.

ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان زەمینەسازییە بۆپەرەپێدانی ئامرازەکانی تری هێزی نەرم، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ دراوسێکانی هەرێمی کوردستان بکەین لە ناوچەکەدا ، دەبینرێت کە تورکیا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو لەناویشیان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە بەڕیوەدەبات ، هەوڵی داوە بواری کۆمەڵایەتی و کلتوری، ئابووری، بازرگانی و وزەش جێبەجێ بکات و چاکسازیی پێکهاتەیی سیاسی کە وا دەکات بەهێزتر و کاریگەرتر بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لە بوواری میدیاشەوە تورکیا سوودی لە ئەزموونی میدیایی وڵاتانی دیکە وەرگرت و لە سیاسەتی خۆی بەکارهێنا وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی هێزی نەرم، ئەم جۆرە ئامرازە یارمەتیدەرە بۆ ڕونکردنەوەی دیدگاکانی تورکیا بۆ خەڵک یاخود تاکەکان و کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان تێڕوانینی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەوە. هەروەها بوونی کەسایەتی دیار و کارێزما و کاریگەر و ئامادەکاری بۆ بەرنامەکانی جۆراوجۆری قوتابیانی ئاڵوگۆڕی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی باڵا (سکۆڵەرشیپ)ش دەتوانێت ئەم مەبەستە بەدەست بهێنن. لە ئەنجامی ئەمە دەتوانن تاکەکان بەشدار بن لە نزیککردنەوەی ڕوانگەکان لە نێوان کلتوری هەردولادا.

**ڕاسپارد**

هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرمی دیپلۆماسی، سیاسی و ئابوورییەوە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر بگێڕێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا. بە پشتبەستن بە کلتورەکەی کە لەسەر بنەمای پێکەوەبوون، فرەیی، لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دامەزراوە، هەروەها ڕێزگرتن و دانان بە هەمەجۆریی نێوان پێکهاتە و شوناسە جیاوازەکان، هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەرچاوەیەکی گەورەی هێزی نەرم بێت. لەم چوارچێوەیەدا، هەرێم دەکرێت ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی ململانێکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتی لەگەڵ ئەزمونی قوڵی لە بەڕێوەبردنی فرەجۆریی ئایینی و نەتەوەیی. سەرەڕای ئەوەش، بوونی سامانە سروشتییەکان وەک نەوت و گاز، پێگەی جوگرافی ستراتیجی وەک پردێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەروەها گرنگی زیاتر بدات بە ئامرازەکانی تریش بۆ و بەرژەوەندی خۆی لە بووارەکانی پەروەردەی بەرز، تەکنەلۆژیای نوێ، ڕۆشنبیری، وەرزش، هونەر و سینەمادا دەتوانرێت وەک ئامرازی هێزی نەرم بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی سەنگ و پێگەی هەرێمی کوردستان و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

بەکارهێنانی هێزی نەرم لە پەیوەندییە دولایەنییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەرئەنجامی باشی هەیە و لە داهاتوش زیاتری دەبێت لە بەردەوامی گەشەی بازرگانی و وەبەرهێنان و زیادبوونی گەشتیاران و دروست بوونی پردی کلتوری و ڕەخساندنی دەرفەتی لێك تێگەیشتنی باشتر لە نێوانیان، وەك ڕاسپاردەیەك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت لە داهاتوو کە پێویستە لەسەر لە هەبوونی بۆشایی لە نەبوونی ستراتیجی داڕێژراوی میدیایی و کلتوریی کوردی ئەوا هەرێمی کوردستان سوود لەو هێزە نەرمە نابینێت بە پێچەوانەوە ڕەنگە کاریگەری خراپی هەبێت، بۆیە پێویستە پلانێکی خێرا (کورتخایەن و درێژخایەن) هەبێت بۆ پاراستنی ناسنامە، زمان و کلتوری هەرێمی

کوردستان لە پەرەسەندنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی تریش.، کە نەتوانراوە لەم توێژینەوە باسی لێوە بکرێت،ڕەنگە ببێتە پلانێك بۆ توێژینەوەی داهاتوو.


**- نامەی ماستەر و دکتۆرا**

1. ئەحمەد، سەروەر حەمە، a2022، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانییدا: لێکۆڵینەوەیەك لە دەرفەت و ئالینگارییەکان، تێزی دکتۆرا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کوردستان/ عیراق.
2. عثمان، گەزەنگ یوسف، 2023، کاریگەری ستراتیجی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی چین لەسەر وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان (لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بە نمونە)، نامەی ماستەر لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کوردستان/عێراق

**- سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:**

1. ئەحمەد، زبیر رسول،2020، تورکیا و هەرێمی کوردستان: ئابوری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەرێ؟ توێژەر گۆڤاری / بەرگی 3/ ژمارە2، ل225-276 https://journals.soran.edu.iq/index.php/Twejer/article/view/590?articlesBySameAuthorPage=21
2. پەیسەر پرێس، هێزی نەرم چیە؟ ، 2018 https://www.peyserpress.com/detail/217
3. پەیسەر پرێس، هێزی نەرمی تورکیا و ئێران چ فشارێك دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان؟ ، 2021 https://www.peyserpress.com/detail/7171
4. عەلی، ئەحمەد قادر، 2021، جەنگی دراماکان ماملانێی تورکی-عەرەبی لەکەرتی سینەمادا، گۆڤاری ئایندە ناسی، ساڵی دووەم، ژمارە 7 https://www.centerfs.org/files/2021/05/Ayindanasy-Magazine-07-compressed.pdf

**المصادر العربية**

**- الكتب**

1. ابو شنب، حسين، 1995، الاتفاق الفلسطيني الاسرائياتي، مطبعة مدبوولي، الطبعة الاولى، مصر.
2. اغلو، احمد داود ، 2011، العمق الاستراتيجي – موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية، نرجمة: محمد جابر و طارق عبدالجليل، ط2، دار العربية للعلوم ناشرون.
3. بابان، نزار، 2010، كردستان جنة الله وجحيم أمة، ط1، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان،الأردن.
4. حمدان، محمد , 2013, القوة الناعمة وادارة الصراع عن بعد ، مركز حامرابي للدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى، بغداد.
5. عبدالحي، سماح عبدالصبور , 2014, القوة الذكية في السياسة الخارجية، ط1، دار البشير للثقافة والعلوم، مصر.
6. العزاوي، خالد حمودي، 2022، القوة الناعمة والتحديات السياسية، مجلة كلية مدينة العلم، مجلد14، عدد3 https://url-shortener.me/EW11
7. غومبرت، . ديفيد س. و بينديك، هانس، 2016، القدرة على الارغام: مواجهة الاعداء بدون حرب، مؤسسةRAND ، سانتا مونيكا، كاليفورنيا.
8. كرامر، هاينتس ، 2001، تركيا المتغيرة: تبحث عن ثوب جديد، ترجمة: فاضل جتكر ، مكتبة العبيكان، الرياض-المملكة العربية السعودية.
9. معوض، علي جلال, 2019, مفهوم القوة الناعمة وتحليل السياسة الخارجية، مكتبة الأسكندرية، مركز الدراسات الاستراتيجية، مصر.
10. مقلد، اسماعيل صبري، 1984، العلاقات السياسية الدولية: دراسة في الأصول والنظريات، المكتبة الأكاديمية، القاهرة-مصر.
11. ناي، جوزيف ، 2003، مفارقة القوة الامريكية، ترجمة: محمد توفيق البجيرمي، مكتبة العبيكان، الطبعة الاولى، الرياض - المملكة العربية السعودية ، 2003
12. ناي، جوزيف ، 2007، القوة الناعمة -وسيلة النجاح في السياسة الدولية، ترجمة: محمد توفيق البرجيمي، مطبعة العبيكان، الرياض - المملكة العربية السعودية.

**- رسائل الماجستر و الدكتوراه**

1. أبو مصطفى، محمد سليمان محمود ، 2023. موقع القوة الناعمة بالسياسة الخارجية التركية اتجاه منطقة الشرق الأوسط بعد عام 2002. قضايا سياسية، 466-496. https://political-encyclopedia.org/library/7578/download
2. حمد، اكو ، 2014، القوة الناعمة فى العلاقات الدولية – دراسة تحليلية مقارنة، اطروحة الدكتوراه جامعة السليمانية، العراق.
3. خضر، باسم خليل، 2014، اثر التحول من مفهوم القوة على العلاقات الدولية، رسالة ماجستري، جامعة الازهر، غزة.
4. شواني، سرسام خليل ، 2021، دور النخب السياسية في تطوير العلاقات بين المملكة العربية السعودية وتركيا وانعكاساتها على أقليم كوردستان العراق (2014- 2018)، اطروحة دكتوراه، اربيل-اقليم كوردستان/العراق.

5. العقيبي، عادل علي سليمان موسى، 2018، مفهوم القوة في العلاقات الدولية 1991-2017 (المنظور الامريكي: دراسة حالة) ، ريساله ماجستير، كلية الاداب والعلوم/ جامعة الشرق الاوسط، الاردن.
6. قديح، ايمان ، 2018، تحول مفهوم القوة في العلاقات الدولية بعد نهاية الحرب الباردة رسالة ماجستير، بسكرة، الجزائر : جامعة محمد خضير.
7. الكعود، اياد خلف عمر ، 2016، استراتيجية القوة الناعة ودورها في تنفيذ السياسة الخارجية الأمريكية في المنطقة العربية، جامعة الشرق الأوسط، الأردن.
8. محمد، نفطية، 2017، القوة الناعمة في العلاقات الدولية دراسة حالة تركيا 2002-2017، رسالة ماجستير في كلية الحقوق و العلوم السياسية, جامعة الشهيد حمه لخضر – الوادي, الجزائر https://shorturl.at/KyCwh
9. المصري، عزالدين عطية ، 2010، الدارما التلفزيونية مقومتها وضوابطها الفنية، رسالة ماجساتير، الجامعة الاسلامية- غازه

**- البحوث و الدراسات**

1. باكير، على ، 2021، حو إطار نظري في صناعة القوة الناعمة. مجلة سياسات عربية، عدد 53، مجلد9، تشرين الثاني . https://shorturl.at/RO2hy
1. بكاكرة، نبيل ، 2018، التنوع والتغير في مضامين القوة ؛ نحو فهم جديد للعلاقات الدولية، مجلة دفاتر السياسة و القانون، العدد 19.
2. خيرالله، احمد السيد ، 2019، أثر تطور مفهوم وعناصر القوة على تحوالت النظام الدولي، مجلة البحوث المالية والتجارية، لمجلد 20، العدد الثالث- الجزء الثانى، جامعة بوورصعيد، مصر.
3. رسول، عبد خالد و قادر، كارزان محمد، 2024، بارادبلوماسية إقليم كوردستان وطبيعة الدبلوماسية العراقية، المجلة العلمية لجامعة جيهان- السليمانية، المجلد8، العدد2، ص219-241 https://journal.sulicihan.edu.krd/index.php/sjcus/article/view/542/502
4. شوانى، سرسام خليل، 2022، القوة الناعمة فى مهام الدبلوماسية الوقائية، مجلة بوولوتيكنيك للعلوم الانسانية و الاجتماعية، | مجلد3، عدد2، اربيل- العراق.
5. طلحة، عبدالحميد أمين، 2018، التأثيرات الثقافة للمسلسلات التركية على طلبة جامعة صانعاء، المجلة الجزائرية لألبحاث والدراسات، الجزائر، جامعة جيجل.
6. ظاهر، مشعل عبدالاله و عبدالله، نسيبة عبدالعزيز، 2024, ادواة القوة الناعمة التركية، جملة الجامعة العراقية المجلد (70)العدد (3)، ص210-218
7. العزاوي، عقيد خالد حمودي، 2025، القوة الناعمة والتحديات السياسية، مجلة كلية مدينة العلم ، المجلد 14 ،العدد 3 https://shorturl.at/QCEkO
8. الكاكائي، وحيد انعام ، 2020، جيوسياسية النفط والغاز في اقليم كوردستان العراق والفواعل الاقليمية والدولية، مجلة ديالى،عدد 86. https://portal.arid.my/Publications/6e75af02-7f62-4c6d-8778-3c215ea66565.pdf
9. ماضي، احمد محمود صفي الدين عبدالعزيز، 2024، التطور التاريخي لدور القوة الناعمة، جامعة بوورسعيد- كلية السياسة و الادارة العامة، مجلة البحوث المالية والتجارية، مجلد 25، عدد 2، https://jsst.journals.ekb.eg/article_340426.html
10. موسى ،حمد فريد ابراهيم و سيد، م دلال محمود ،2024، جلة العلوم السياسية - القوة الناعمة من الإقناع والجاذبية إلى التسليح (دراسة حالة هوليود وصورها النمطية)، العدد (67) حزيرانISSN: 1815-5561 ،E-ISSN: 2521-912X https://shorturl.at/ST1Of
11. نجم، أحمد مشعان ، 2018، السياسة الخارجية التركية بين القوة الناعمة والقوة الصلبة، مجلة قضايا سياسية- كلية العلوم السياسية جامعة النهرين. http://localhost:8080/xmlui/handle/123456789/6532
12. ودرداين، 2021، القوة الناعمة في العلاقات التركية الجزائرية: علاقات تحفظ أم إنفتاح؟. المجلة الجزائرية للأمن والتنمية Algerian Review of Security and Developement، 10، 62-618 .

**المصادر الاليكترونية**

1. أكر، مهدي ، 2024، تجمع تركيا وإقليم كوردستان علاقات اقتصادية قوية، K24 كردستان 24 نت، https://www.kurdistan24.net/ar/story/32403
2. التأخي، القنصل التركي- حجم التبادل التجاري بين كوردستان و تركيا، 2023 https://altaakhi.net/2023/05/31764/
3. چاغاپتاى، فيدان و ساسيكار، تركيا و «حكومة إقليم كردستان»: مصلحة اقتصادية مشتركة غير معلنة، 2015 https://shorturl.at/czIFl

4. رياض، عثمان ، 2024، زيارة الرئيس أردوغان إلى العراق- تحول إسرتاتيجي نحو تعزيز العلاقات، الرؤية التركية -1560-013-002 004D
5. شبكة الجيوستراتيجي للدراسات- فريق الجيوستراتيجي للدراسات، 2025، أهمية إقليم كوردستان العراق التجارية بالنسبة لتركيا وإيران، https://www.geo-strategic.com/2024/09/blog-post_90.html
6. شفق نيوز،2024، قرابة 10 مليارات دولار حجم التبادل التجاري بين اقليم كوردستان و توركيا. https://shorturl.at/wuNkx
7. العبادي، عمر، 2021، -لقاء ضيفت مؤسسة الحوار الانساني بلندن الاستاذ عمر العبادي يوم الاربعاء 30 حزيران/يونيو 2021 في امسية ثقافية على منصة زوم تحدث فيها عن القوة الناعمة كأحد مكونات السياسة في العصر الحالي بعنوان القوة الناعمة والعلاقات الدولية والدبلوماسية https://rb.gy/wktt3a
8. مزوري، مظفر ، 2018، تركيا وكردستان-توأم العلاقات و المصالح المشتركة، الجزيرة نت اخر الاخبار اليوم. https://t.ly/m7PMc
9. المسرى, 2023، 16 مليار دولار حجم التجارة بين العراق و تركيا.. حصة الاسد للكردستان، https://almasra.iq/56022/
10. نورالدين، محمد ، 2010، السياسة الخارجية أسس ومرتكزات، في كتاب، محمد عبدالمعطي محرارا( تركيا بين تحديات الداخل و رهانات الخارج) ناشرون ، الدار العربية للعلوم، بيروت، لبنان. https://ddl.ae/book/5299224
11. وكالة الأناضول، وزير تركي للأناضول: صادراتنا للعراق ستصل لـ15 مليار دولار قريبا (مقابلة) 20-4-2024 https://shorturl.at/SgExU
12. يغين، عبدالاله ، 2016، القوة الصلبة والناعمة لإيران، رؤية تركية ( 77 -101) مؤسسة سيتا، تركي. https://shorturl.at/JiDCu
13. Kurdistan24، غرفة تجارة أربيل تكشف حجم التبادل التجاري بين إقليم كوردستان وتركيا خلال 2024، 2025، https://shorturl.at/Ro6sm

**English sourses**

**Books-**

1. Gilpin, R. (1981) *War and Change in World Politics*. Cambridge: Cambridge University Press. https://url-shortener.me/G3IV
2. Keohane, R. O. and Nye, J. S. (1977) *Power and Interdependence: World Politics in Transition*. Boston: Little, Brown and Company.
3. Mearsheimer, J. (2001) The Tragedy of Great Power Politics.
4. Meliha Benli Altunışık, "*The Soft Power of Turkey in International Relations*", Panorama, Online, 11 November 2022 https://shorturl.at/IjCVT
5. Morgenthau, H. J., (1984) *Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace*, Associate Pb. Ofessok. Of Political Science the University of Chicago, New York: Alfred A. Knopf.
6. Nye, J. S. (2004) *Soft Power: The Means to Success in World Politics*. PublicAffairs
7. Waltz, K. N. (1979) *Theory of International Politics*.

**- Master's and Ph.D. thesis**

1. Demir، D. (2015) '*Turkish Foreign Policy towards the Kurdistan Regional Government* (2003 – 2013)' Ph.D. Thesis, Keele University, 2015

**- Researches**

1. Barnett, M. and Duvall R. (2005) *Power in International Politics.* Cagaptay, S.(2019) *Erdogan's Empire: Turkey and the Politics of the Middle East*. London: I.B. Tauris.
2. Charountakı, M. (2012) *Turkish foreign policy and the Kurdistan Regional* Government. Perceptions: Journal of International Affairs, 17, 185-208,
3. Cooper، Robert. (2004) " *Hard Power، Soft Power and the Goals of Diplomacy* "، in: David Held and Mathias Koenig-Archibugi (eds.)، American power in the 12st Century، (Cambridge: Polity Press.
4. Cornago, N. (1999) *'Diplomacy and Paradiplomacy in the Redefinition of International Security: Dimensions of Conflict and Cooperation*,'Contemporary Security Policy ,20(3) ,pp. 40-57.

5. Dougherty, J. & Pfaltzgraff ,R. L. (1971). Contending Theories of International Relations. 1971. Lippincott, Philadelphia. https://shorturl.at/WGUaw
6. Erricker ،P. (2025) *Brand Finance Global Soft Power Index 2025: China overtakes UK for the first time, US remains top-ranked nation brand*, https://shorturl.at/lIpsT
7. Mohammed B. E. Saaida, (2004) *The Role of Soft Power in Contemporary Diplomacy*، International Journal of Research Publication and Reviews، Vol 4، no 4، pp 3119-3130, 2023. Nossel, Suzanne, smart power- Foreign affairs, vol:83، no:2.
8. Oxford Learner's Dictionaries (2024) *Power*. [Online] Available at: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/power_1 (Accessed: 22 May 2024).
9. Özdemirkıran, M. (2015). Soft power and the challenges of private actors: Turkey-Kurdish Regional Government (KRG) relations and the rising role of businessmen in Turkish Foreign Policy. *European Journal of Turkish Studies. Social Sciences on Contemporary Turkey*, (21). https://journals.openedition.org/ejts/5268
10. Pusane, O. K., (2016 (*Turkey's Changing Relations With The Iraqi Kurdish Regional Government,* Middle East Review of International Affairs, Vol. 20, No. 2 https://shorturl.at/RxWKs
11. Saraçoğlu, Cenk, and Demirkol, Özhan. (2014) "*Nationalism and Foreign Policy Discourse in Turkey Under the AKP Rule: Geography, History and National Identity*." British Journal of Middle Eastern Studies 42 (3): 301–19. doi:10.1080/13530194.2014.947152.

**القوة الناعمة في السياسة الخارجية التركية تجاه إقليم كوردستان للفترة (٢٠١٤-٢٠٢٤)**

**الملخص**

تُظهر هذه الدراسة دور القوة الناعمة في سياسة تركيا الخارجية تجاه إقليم كوردستان بين عامي (٢٠١٤ – ٢٠٢٤). يركز البحث بشكل رئيسي على كيفية إدارة تركيا، في بيئة التغييرات السياسية والأمنية والجيوسياسية الرئيسية في هذا العقد، استخدام أدوات القوة الناعمة كبديل أو مساعد للقوة الصلبة لحماية المخاطر وتوسيع النفوذ. للإجابة على هذا السؤال، تتبنى الدراسة المنهج (الوصفية-التحليلية) لعرض الصورة الكاملة حول أدوات القوة الناعمة في الاقتصاد، التجارة، الثقافة، الإعلام والتعليم، مع تقديم تحليل علمي لكيفية تأثير التغييرات المعاصرة على هذه المجالات. أهداف هذه الدراسة تحديد مصادر القوة الناعمة التركية في إقليم كوردستان، تقييم نجاح هذه الاستراتيجية في بناء الثقة وتعزيز المصالح المشتركة، وتحديد الهياكل والعوائق التي تؤدي إلى تغييرات مستمرة في فعالية هذه القوة في إطار العلاقات بين الجارين.

**الكلمات المفتاحية :**إقليم كردستان، القوة الناعمة، تركيا، العلاقات الدولية.